## پرۆژەکانی:

# چارەسەری پرسی کەرکوك،
# پرۆژە یاسای قەدەغەکردنی توندوتیژی،
# نا ... بۆ دەستووری ئێراق

**پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوك**

**ناوی نامیلکە: پرۆژەکانی (چارەسەری پرسی کەرکوك، پرۆژە یاسای قەدەغەکردنی توندوتیژی، نا... بۆدەستووری ئێراق)**

**چاپ: یەکەم**

**تیراژ: 1000 دانە**

**چاپخانە: چاپخانەی ئازادی**

**مافی چاپ و بلاّوکردنەوە: کۆمیتەی راگەیاندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

**لە بلاّوکراوەکانی کۆمیتەی راگەیاندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

**(6)**

# پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوك و ناوچەکانی تر

## پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوک

### پێشەکی:

خوێنەری بەرێز، ئەم نامیلکەیەی لەبەر دەستدایە، کۆکراوەی سێ پرۆژەیە کە لەلایەنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و ئەنجوومەنی ژنانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانەوە، ئامادەکراوە وپەسەند کراوە، ئەوانیش پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوک و ناوچەکانی هاوشێوەی کەرکوکە، لەگەڵ پرۆژەی یاسای دژی توندوتیژی لەسەر ژنان و پرۆژەیەك بۆ هەمواركردنی دەستووری ئێراقی.

پرۆژەی یەکەم؛ لەسەر کەرکوك وئەو ناوچانەیە کە هاوشێوەی کەرکوکن وکێشەو ناکۆکیان لەسەرە، ئێمە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەساڵی 2004دا لەچوارچێوەی پرۆژەیەکدا کارمان کرد بۆ دروستکردنی ئەنجوومەنێکی جەماوەری بەناوی ئەنجوومەنی برایەتی لەشاری کەرکوك ولەوچوارچێوەیەدا لەگەڵ زۆربەی پارت و رێکخستن ولایەنەکانی کەرکوکدا دانوستاندنمان ئەنجامدا و کارەکە گەیشتە ئەوەی کە ئەنجوومەن دروست ببێت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەی کە لایەنە باڵادەستەکان هەڵوێستی پۆزەتیڤیان نەبوو سەبارەت بەم پرۆژەیە، ئەم پرۆژەیە بەرتەسکرایەوە وتەنیا ئەو لایەنانەی کە لەدەسەڵاتی کوردییەوە نزیك بوون تێدا مانەوەو ئێمەشیان پەراوێز خست ولیستی برایەتی کەرکوك بەرهەمی ئەو پرۆژەیەی ئێمە بوو.

# پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوك

دوای ئەوەی دەستووری ئێراقی لەریفراندۆمدا پەسەند کرا، لەساڵی 2006دا ئێمە پرۆژەیەکمان ئامادەکرد بەناوی پرۆژەی "ئەنجوومەنی جەماوەری کەرکوك" بۆ پشتیوانیکردن لەجێبەجێکردنی ماددەی "140" و پێشکەشی هەموو لایەنەکانی کەرکوکمان کرد وسەرەتا پێشتیوانییەکی گەرممان لێکراو کارگەیشتە ئەوەی پرۆژەکە ببێتە پرۆژەی جەماوەری کەرکوك وپارت و رێکخراوەکانی کەرکوك، بەڵام جارێکی تر بەهۆی ئەوەی کە لایەنە باڵادەستەکان پشتیوانیان نەکرد، بە پێچەوانەوە بەناراستەوخۆ زۆرکاریان کرد بۆ ئەوەی پرۆژەکە سەر نەگرێت. بێگۆمان ئەم پرۆژەیەش تا ئاستێك کاریگەریی هەبوو لەسەر کاراکردنی هەنگاوەکانی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی" 140"، بەڵام ئەمەش ئەنجامی تەواوەتی نەگرت.
لەهاوینی 2008دا ودوای ئەوەی کە ماددەی"140" لەوکاتەی بۆ دیاری کرابوو جێبەجێ نەکرا، ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی دڵسۆز هەستانیە بەئامادەکردنی پرۆژەیەك بۆ تێپەڕکردنی ئەو قەیرانەی کە هەیە. لە پرۆژەکەدا هەوڵماندا کە شێوازێك بگرینە بەر دوور بێت لەدەمارگیری یەوەو بتوانێت دەرگاکان بکاتەوە، ئەو پرۆژەیە پێشکەشی کۆنفرانسێکی بەرفراوان کرا کە لە 17-10-2010دا بەبەشداری زیاتر لە 250 کەسایەتی و نوێنەری پارت و رێکخراوو راگەیاندنەکان بەستراو دوای تاوتوێ کردنی پرۆژەکە بەهەندێك دەستکارییەوە کۆنفرانس پەسەندی کرد و ئەوەی لەبەردەستاندایە پرۆژەکەیە دوای رەزامەندی کۆنفرانس.

## پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوک

ئێمە پێمان وایە ئەم پرۆژەیە دەتوانیت ببێتە هاوکار بۆ چارەسەری پرسی کەرکوك ودەشتی موسڵ و شەنگال و خانەقین و خورماتوو، مەخمور وهەموو ئەو جێگانەی کە هەتا ئێستا پرسەکانیان بەهەڵواسراوەیی ماوەتەوە، هەر بۆیە بە پێویستمان زانی کە جارێکی تر بڵاوی بکەینەوە و بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت، هیواداریین کە هەموو دڵسۆزانی ئەم پرۆژەی بەهەند وەربگرن و بەیەکەوە کاری لەسەر بکەین.

پرۆژەی دووەم؛ لەسەر رەوشی ژنان و ئەو توندوتیژییەیە کە لە هەرێمی کوردستان وئێراقدا ژنان رووبەرووی دەبنەوە" پرۆژەکە لەلایەن ئەنجوومەنی ژنانی ئازاد" ئامادەکراوە هەوڵدراوە بەئامار راستیەکان بخرێنە ڕوو، هۆکار وئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی ئەم دیاردەیە دیاریکراون وچارەسەری پێویست لەچوارچێوەی پرۆژەی یاسای رێگرتن لەتوندوتیژی دژبەژنان پێشکەشکراوەو ئەویش لەچوارچێوەی چەندین کۆڕوکۆنفرانسدا خراوەتە بەردەم رێکخراوەکانی ژنان و رێکخراوە مەدەنییەکان ودواتر وەکو پرۆژە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کراوە. بەشێك لەپرۆژەك سوودی لێ وەرگیراوەو بووەتە بنەمای دارشتنی یاساکان بەتایبەتی یاسای باری کەسێتی، بەڵام زۆرلایەنی ماوەو ئێمە بە پێویستی دەبنین کە لەرێگەی تێکۆشانەوە کار بکەین بۆ ئەوەی بەتەواوی پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت.

پرۆژەی سێیەم؛ لەسەر دەستووری ئێراقە، لە 9-9-2005دا بڵاومان کردەوە، ئەوە بوو لەناوەڕاستی هاوینی 2005دا پرۆژەی دەستووری ئێراق

## پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوك

بڵاوکرایەوەو بڕیار بوو لە 15-10-2005دا ریفراندۆمی جەماوەری لەسەرئەنجام بدرێت. پێشتر پەرلەمانی کوردستان و لایەنە کوردستانییەکان پرۆژەیەکیان پێشکەشی لیژنەی دەستووری کرد، بەڵام ئەوەی دەرکەوت ئەوە بوو کە 80%ی پرۆژەو پێشنیارەکانی لایەنی کوردی پەسند نەکرا، ئێمە ئەمەمان بە کارێکی ناراست بینی و لەچوارچێوەی پێشنیارو پرۆژەی لایەنە کوردستانیەکان و ئەو پرۆژەیەی کە بڵاوکرایەوە ئەم پرۆژەیەمان ئامادەکردو پێشکەشی سەرجەم لایەنە کوردستانی و ئێراقییەکانمان کردو پێشکەشی لیژنەی داڕشتنی دەستووریشمان کرد، هاوکات لایەنە سوونەکانیش هەندێك پرۆژەیان پێشکەشکرد، بەشی زۆری تێڕوانین و پێشنیارەکانی لایەنەکانی تر پەسەند کران و پرۆژەی دەستوورەکە گۆڕدراوە، بەڵام نە لایەنە بەرپرسەکانی کورد پشتیوانی ئەم پرۆژەیەی ئێمەیان کرد" کە زۆربەیان پرۆژەکەی ئێمەیان پێ باش بوو"، نە لیژنەی دەستووری هیچ داوایەکی ئێمەیان پەسەند کرد، لەبەرئەمە ئێمە لە 9-9-2005دا پرۆژەکەی خۆمان بۆ رای گشتی وراگەیاندنەکان بڵاوکردەوەو رامانگەیاند کە ئەگەر تێڕوانینەکانمان بەهەند وەرنەگێرێت ئەوا ئێمەش ئەو دەستوورە پەسەند ناکەین ودەنگی" نا" بەکار دێنین. ئاشکرایە ئەو بابەتانەی کە ئێمە تێبینیمان لەسەری هەبوو هەتا ئێستا بوونەتە ماددەی ناکۆك و خاڵی لاواز بۆ پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی ئێراق وچارەسەری

## پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوك

پرسەکان وبۆ ئەمەش حکومەت ولایەنە ئێراقییەکان دەخوازن دەستوور بگۆڕن.

ئێمە جارێکی تر ئەم پرۆژەیە بەگرنگ دەبینین و لەپێناوی ئەوەی کە سوودی لێ وەربگیرێت بۆ هەموارکردنی دەستوور جارێکی تر بلاوی دەکەینەوە.

بەگشتی هیوامان وایە ئەم پرۆژانە ببنە بەشدارییەکی پۆزەتیف بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی کۆمەلگاکەمان لەرووی نەتەوەیی و دیموکراتیەوە. بێگۆمانیشین کە ئەم پرۆژانە کەم وکورتی ولاوازییان هەیە، بەلام دەتوانرێت بەکاری هاوبەش و تێڕوانینی هاوبەش تەواو بکرێت.

**کۆمیتەی راگەیاندنی**
**پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**
**2010-5-15**

# پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوك و ناوچەکانی تر

## پێشەکی:

بێگومان کێشەی کەرکوك و ئەو ناوچانەی هەمان کێشەی کەرکوکیان هەیە، کە ناوچەکانی" شەنگال، زومار، تەلعەفەر، شێخان، حەمدانییە، مەخمور، دووزخورماتوو، خانەقین، شارەبان، مەندەلی، بەدرە و جەسسان...هتد" لەخۆوە دەگرێت بوونەتە مایەی ناکۆکی و ململانێ و لەدوای رووخانی رژێمی سەدامەوە بۆتە رۆژەڤی سەرەکی ئەمڕۆی گەلی کوردستان و ئێراق و جیهان. چونکە تائێستا ئەم کێشەیە وەك کێشەیەکی هەرە بنچینەیی و رەوا تاوتوێ نەکراوە و سیاسەت و پرۆژەیەکی چارەسەرئامێزیشی بۆ دانەڕێژراوە، بەڵکو بە هەمان ئەو زیهنییەت و سیاسەتەی کێشەکەیان دروستکردووە هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکەدا کراوە و هەوڵی چارەسەرکردنی دراوە، کە خۆی لەزیهنییەتی نەتەوەپەرستی و سیاسەتی نکۆڵیکردن و قڕکردن و توانەوەی نەتوەیی و سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەی دەسەڵاتداراندا دەبینێتەوە. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا نائارامیی و ناهاوسەنگی و ناکۆکی و ململانێییەکی بەردەوام و کوشندەی هێناوە، کە زۆربەی کات بە شەڕ و پێکدادان و تراژیدیای گەورە گەیشتۆتە خاڵی بێچارەیی و بنبەستبوون. ئەم راستییە تا رۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوامە.

بۆیە پێویست دەکات هەموو ئەو گەل و نەتەوە و ئەتنیکانەی خاوەنی ئەم کێشەیەن و هەروەها ئەو هێز و لایەنانەی بەم کێشەیەوە پەیوەندیدارن پێداچوونەوەیەکی جددی و بابەتیانە بە زیهنییەت و سیاسەت و پرۆژەکانی خۆیان سەبارەت بەم کێشەیە ئەنجام بدەن و دەستبەرداری ئەو چەمك و لۆژیکە ببن کە خۆسەپاندن، نکۆڵی لەبەرامبەر و گیانی تۆڵەسەندنەوە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، یان پێی وایە هەموو رەوایەتی و راستییەك لەلای ئەوە.

هەروەها پێویست دەکات لەو راستییەش تێبگەین کە وەك چۆن یەك کلیل ناتوانێت هەموو دەرگاکان بکاتەوە، ئەوا یەك دەرگاش بەهەموو کلیلێك ناکرێتەوە، کەواتە هەر کلیلەو بۆ دەرگایەك و هەر دەرگایەك بە کلیلێك دەکرێتەوە. ئەمەش بەو واتایە دێت کە سووربوون لەسەر ئەو شێوازە چارەسەریانەی کە لەگەڵ گەوهەر و ناوەرۆکی خودی کێشەکەدا یەکانگیر نابێتەوە و نابێتە رێگەیەك بۆ چارەسەری، جگە لە بێچارەیی و بنبەستبوون هیچی دیکە لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت. کەواتە پێویستە گەوهەر و سروشت و تایبەتمەندییەکانی کێشەکە بناسین و بەگوێرەی ئەمەش بەدوای رێگە و شێواز و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرییەکی رەوا و دادپەروەر و هەمیشەییدا بگەڕێین، کە ماف و ئازادی و بەیەکەوە ژیانی دیموکراتیانەی نێوان گەلان زامن دەکات.

لەسەر ئەو بنەمایە؛ ئێمە وەك ئەندامانی کۆنفرانسی جەماوەری کەرکوك کە لە 2008-10-17 لە شاری کەرکوك بەسترا لەروانگەی بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی و دیموکراتییەوە ئەم پرۆژە پێشنیارە بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوك و ئەو ناوچانەی هەمان کێشەیان هەیە، پێشکەش دەکەین، بەمەبەستی گفتوگۆ و گەیشتن بە چارەسەرییەکی رەوا و دادپەروەر و هەمیشەیی. لەو باوەڕەشداین کە ئەم پرۆژەیە بێ کەموکوڕی نییە و دەکرێ لەمیانەی گفتوگۆیەکی بابەتیانە و دڵسۆزانەوە بگەیەندرێتە ئاستی پرۆژەیەکی تەواو و چارەسەرئامێزی ئەوتۆ کەوا ماف و ئازادی و بەیەکەوە ژیانی دیموکراتیانەی نێوان هەموو گەلانی کەرکوك و ناوچەکانی تر زامن بکات.

# بنچینە و تایبەتمەندییەکانی کێشەی کەرکوك و ناوچەکانی تر:

کەرکوك یەکێکە لەشارە دێرینەکانی مێژوو و لە دێر زەمانەوە خێڵ و بنەماڵە لۆلۆییەکان، سۆبارییەکان، گۆتییەکان،میتانیەکان کە نەژاد و رەچەڵەکی ئەمڕۆی گەلی کورد پێکدێنن، لە گەڵ پێکهاتە خێڵەکی و بنەماڵەکانی سامییەکان و بابلی، سووریانی، کە رەچەڵەکی گەلانی ئاشوری و کلدانی پێکدەهێنن، تێیدا نیشتەجێ بوونە، لەرووی کولتوور و

شارستانییەتەوە پەیوەندییەکی بەهێز و تۆکمە لەنێویاندا هەبووە، تەنانەت وێڕای کولتوور و شارستانییەتی تایبەت بەخۆیان، ئەوا لەمیانەی پەیوەندی و تێکەڵاوبوون و بەیەکەوە ژیانی هەزاران ساڵەیانەوە بوونەتە خاوەن کولتوور و شارستانییەتی هاوبەشیش. هەروەها لەدوای بڵاووبونەوەی ئاینی ئیسلامەوە گەلی عەرەب و نەژادەکانی گەلی تورکمانیش، لەکەرکوك و دەوروبەریدا نیشتەجێبوون. لەئاکامدا دەکرێ لەرۆژگاری ئەمڕۆدا سەرجەم ئەو پێکهاتانە لەراستینەی کۆمەڵگای کەرکوك و دەوروبەری و ناوچە دابڕاوەکاندا ببینرێت.

بێگومان هەرچەندە بەدرێژایی مێژووی شاری کەرکوك، کورد زۆرینەی پێکهاتەی کۆمەڵگای شارەکەیان پێکهێناوە و لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە قورسایی نیشتەجێیی (سکانی) و کولتووری و شارستانی خۆی هەبووە و رۆڵێکی سەرەکی لەدروستبوونی مێژوو و شارستانییەتی شارەکەدا هەبووە. بەڵام ئەم راستییە هەرگیز سروشتی هەمەڕەنگی و مۆزایکی شارەکەی تێکنەداوە و ناهاوسەنگی نەکردووە، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم ئەو پێکهاتە جیاوازانەی سەدان و هەزاران ساڵە لە کەرکوك و دەوروبەریدا بەیەکەوە ژیاون و ئەو هەمەڕەنگییەی هەبووە وەك دەوڵەمەندییەکی کولتووری و شارستانی بینراوە و زۆر کەم بۆتە سەرچاوەیەك بۆ گرفت و کێشە و ناکۆکی

لەنێوانیاندا. تەنانەت ئەو هەمەڕەنگییە کولتوورییەی شارەکە بۆتە فاکتەر و زەمینەیەك بۆ پێشکەوتن و گۆڕان و بەردەوامی ژیان و گوزەرانی هەموو پێکهاتەکانی شارەکە و تەواوی ناوچەکەش. ئەم راستییە تا هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و چڕبوونەوەی دەستێوەردانە دەرەکییەکان و دامەزراندنی قەوارەیەك بەناوی ئێراقەوە بەردەوام بوو. کاتێك کە پەترۆل لەشارەکە دۆزرایەوە و پیلان و ستراتیژی داگیرکارییانەی ئینگلیزیش لەناوچەکە بەگشتی و ئێراق بەتایبەتی پراکتیزە کرا، ئەوا لەچوارچێوەی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەدا هەم دەوڵەمەندێتییە کولتوورییەکەی و هەمیش دەوڵەمەندێتییە سروشتییەکەی بووە سەرچاوەی کێشە و ناکۆکی و ململانێیەکی بەردەوام و تارۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە.

لەم چوارچێوەیەشدا رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئێراقیش لەمیانەی ئەقڵییەتێکی میللیگەرایی - فاشیستی دەسەڵاتگەراوە هەوڵی گۆڕینی راستینەی دیموگرافی، مێژوویی و جوگرافی و ئیداریی چەندین شار و شارۆچکەی کوردستانیان داوە. لەم رووەوە شاری کەرکوك لەهەموو شوێنەکانی دیکە زیاتر بەر سیاسەتی تەرحیل - تەعریب و تێکدانی ناسنامەی رەسەنی شارەکە کەوتووە. رژێمی بەعسیش ئەو سیاسەتەی گەیاندە لوتکەی هەرە مەترسیداری خۆی و تا رادەیەکی زۆر دیموگرافیا سروشتییەکەی ئەم شارەی گۆڕی و تێکیدا. زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانە

## پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوك

کوردنشینییەکەی کەزۆرینەی شارەکەیان پێکدەهێنا بەزۆرداری دەرکرد، هەروەها گەلی تورکمانیش تارادەیەك بەر شاڵاوەی ڕاگواستن کەوت. لەجێگەی ئەمە لەمیانەی سیاسەتی بە عەرەبکردنەوە خەڵکێکی زۆری لەعەرەب بەئیمتیازاتێکی زۆرەوە لەم شارەو دەوروبەری نیشتەجێ کرد.

بێگومان گەلەکەشمان بەدرێژایی سەدەی بیستەم لەمیانەی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی خۆیەوە رووبەرووی ئەو سیاسەتە شۆفێنیستی و فاشیستییە بۆتەوە و قوربانییەکی زۆریشی لەم پێناوە داوە و بەدەیان هەزار لەخەڵکی شارەکەش ئاوارە و دەربەدەر بوون. بەڵام گەلەکەمان وەك چۆن دەستبەرداری سروشت و ناسنامەی جوگرافی و مێژوویی و دیمۆگرافی ئەو شارە نەبووە و پێداگری لەسەر کوردستانیبوونی ئەو شارە کردۆتەوە، ئەوا هەمیشە پێداگری لەسەر پاراستنی راستینەی پێکهاتەی هەمەڕەنگ و مۆزایکیانەی شارەکەش کردووە.

دوای رووخانی رژێمی سەدام لە 9ی نیسانی 2003 دا هەلومەرجێکی سیاسی، مەیدانی لەبار رەخسا بۆ ئەوەی گەلە رەسەنەکانی شاری کەرکوك لە ئاوارەیی و دەربەدەری بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و لە رەگەوە نادادوەری سەر شارەکە و دێهاتە رووخاوەکانی هەڵگیرێت و خزمەتگوزاری تایبەتی بۆ بکرێت و باری ئابووری و گوزەرانی بەرەو پێشەوە ببرێت، هەروەها عەرەبە هاوردەکانیش بە رەزامەندی و قەرەبووکردنەوەوە

رەوانەی شوێنی کۆنی خۆیان بکرێنەوە. سنووورە ئیدارییەکەیشی وەك پێش ساڵی 1968 لێبکرێتەوە، هەرچی ناوچە و شارۆچکە دابڕاوەکانی ئەو شارەش هەیە بخرێنەوە سەر ئیدارەکەی و رۆحی یەکێتی دیموکراتی و پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتەکانی کەرکوك بەهێز بکرێتەوە. بەڵام لەم رووەوە؛ نە لەئاستی دەسەڵاتی نوێی ئێراق و هێزە هاوپەیمانەکانەوە، نە لەئاستی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا هیچ هەنگاوێکی بەرچاو و ئیجابیانە نەهاوێشترا و هەر لایەنە و کێشەی ئەم شارەی وەك مەیدانێکی ململانێی دەسەڵاتخوازانە یان وەك کارتێکی سیاسی و سەرچاوەیەك بۆ خۆ تۆکمە و بەهێزکردن بەکار هێنا. لەم چوارچێوەیەدا هێزە هەرێمییەکان بەهۆی ئەقڵییەتی دەمارگیری و دەستبەردارنەبوونیان لەسیاسەتی نکۆڵی و قڕکردن و توانەوەی گەلی کورد، سروشتی کێشەی شارەکە و بارودۆخی ئاڵۆزی ئێراقیان وەك دەرفەتێك زانیوە بۆ دەستێوەردان و کردنی بەمەیدانێکی ململانێیان لەگەڵ گەلی کورد لەلایەك و لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەلایەکی دیکەوە. هەڵبەتە ئەمریکاش بەهەمانشێوە هەڵسوکەوتی کردووە و لەمیانەی سیاسەتی ئیدارەکردنی کێشە و ناکۆکییەکان و سیاسەتی پەرتکەو زاڵبەدا ستراتیژی قۆرخکردن و تاڵانکردنی سامانە پەترۆڵییەکەی شارەکەی بەبنچینە وەرگرتووە. بۆ ئەم مەبەستە چەندین پرۆژەی وەك " پرۆژەی بیکەر- هاملتۆن، پرۆژەکەی

دیمستۆرا"ی پێشخستووە. لەلایەکی دیکەوە لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا هەوڵدراوە لەڕێگای چەندین ماددەی دەستووری ویاساییەوە ئەو کێشەیە ئیحتیوا بکرێت و کۆتایی پێبهێنرێت؛ وەك ماددەی (58) لەیاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئێراق، ماددەی (140)ی دەستووری هەمیشەیی ئێراق، ماددەی (24)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان. بەڵام هیچ یەکێك لەو پرۆژە و پیلان و ماددە یاسایی و دەستووریانە نەیانتوانیوە کێشەکە چارەسەر بکەن، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە زیاتر بەئاڕاستەی بێچارەیی و بنبەستوون و لێکەوتنەوەی توندوتیژی ئاراستەکراوە. چونکە هیچ یەکێکیان راستینەی مێژوویی و جوگرافی و پێکهاتەی کولتووری شارەکەیان بەهەند وەرنەگرتووە و بنەماکانی ماف و دادوەری و یەکسانیشیان پشتگوێخستووە.

ئیدی دوای ساڵانێکی زۆر لە ململانێ و ناکۆکی، بێچارەیی و بنبەستبوون، کاتی ئەوە هاتووە کێشەکە وەکو خۆی ببینرێت و ئەو شێوازە چارەسەرییەی کێشەکە چارەسەر دەکات پێشبخرێت، نەك ئەو شێوازەی لەگەڵ بەرژەوەندیی یەکلایەن یەکانگیر دەبێتەوە. چونکە ئەو کێشەیە گوزارشت لە قووڵایی و ناوەرۆکی کێشەی گەلی کوردستان و سەرجەم کێشەکانی تری ئێراق و ناوچەکە دەکات. لەراستیدا ئەو کێشەیە رەگوڕیشەیەکی مێژوویی قووڵی خۆی هەیە و قۆناخ بەقۆناخ تا هاتووە

قووڵتر بۆتەوە و لەگەڵ خۆیدا ئێش و ئازار و تراژیدیای مەزنی هێناوە، کە لەئاکامدا بۆتە گرێکوێرەیەکی مەزن. ئەمەش ئەو راستییە دەخاتەڕوو کە کێشەی کەرکوك و ناوچەکانی هاوشێوەی، کێشەیەکی ساتەوەختی و کاتی نییە، تەنانەت هەر تەنیا کێشەیەکی سیاسی یان ئابووریش نییە، بەڵکو کێشەیەکی فرە لایەنە و لەگەوهەری خۆیدا گوزارشت لە کێشەی ناسنامە و ئیرادەی گەلی کورد دەکات. بێگومان ئەم راستییە بۆ گەل و نەتەوە و ئەتنیکە رەسەنەکانی دیکەی کەرکوك و ناوچەکانی تریش هەر راستە. واتە وەك چۆن کێشەی کەرکوك بۆ گەلی کورد کێشەی ناسنامە و ئیرادەیە ئەوا مسۆگەر بۆ گەلی تورکمان و ئاشووری و کلدانی و سریانیش کێشەی ناسنامە و ئیرادەیە. تەنانەت بۆ  گەلی عەرەبیش، ئەوانەی لەدەرەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن وراگوازستنی  رژێمی بەعس و رژێمەکانی تردا، لەدێر زەمانەوە لە کەرکوك و ناوچەکانی تردا نیشتەجێبوون، کێشەی ناسنامە و ئیرادەیە. راستتر بڵێین؛ کێشەی کەرکوك و ناوچە هاوشێوەکانی، کێشەی هەموو گەلی کوردستانە، بەکورد و تورکمان و ئاشووری = کلدانی = سریانی و عەرەبیشەوە. بۆیە ئەگەر کێشەی کەرکوك بە کێشەی تەواوی گەلی کوردستان ناوزەد بکرێ و لێی بڕوانرێت تێڕوانینێکی هەرە راستە. ئەمە نکوڵی لەو راستییە ناکات کە گەلی کورد لە کەرکوك و ناوچەکانی هاوشێوەیدا، بەدرێژایی سەد ساڵی رابردوو، ئامانجی سەرەکی و یەکەمی

سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن بووە و بەردەوام ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی کولتووری و کۆمەڵکوژی جەستەیی (سوور) بۆتەوە. هۆکاری سەرەکی ئەو بەئامانجگرتنەی کوردیش لەو سیاسەت و کۆمەڵکوژیانە لەبەر ئەوە بووە کە کورد زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکهێناوە و پێکدێنێت و تا کورد لەم شارە و ناوچەکانی هاوشێوەی، ڕانەگوێزرێت و کۆمەڵکوژ نەکرێت و سیمای کوردانەیان نەسڕدرێتەوە، ئەوا هەرگیز ناتوانرێت تورکمان و ئاشووری = کلدانی = سریانی راگوێزرێن و کۆمەڵکوژ بکرێن و سیمایان لە شارەکە و ناوچەکانی هاوشێوەیدا بسڕدرێتەوە. هەروەها گەلی تورکمان و گەلانی تری شارەکەش ئەگەر بەڕادەی گەلی کوردیش نەبێت ئەوا کەم تا زۆر ڕووبەڕووی سیاسەتی تەعریب و تەرحیل و کۆمەڵکوژی بوونەتەوە. واتا جێبەجێکردن و سەرخستنی سیاسەتی تەعریب ـ تەرحیل و کۆمەڵکوژییەکان لەبەرامبەر گەلی کوردا، هەنگاوی یەکەمیش بووە بۆ جێبەجێکردن و سەرخستنی هەمان سیاسەت و کۆمەڵکوژی لەسەر گەل و نەتەوەکانی تر.

لێرەدا پێویست دەکات ئەو ڕاستییەش ببینرێت کە گەلی کورد وەك چۆن بۆتە قوربانی یەکەم و سەرەکی سیاسەتی شێواندن و تێکدانی مێژوو و جوگرافیا و دیمۆگرافیای کەرکوك و ناوچە هاوشێوەکانی، ئەوا گەلی کوردیش زۆرترین خەبات و تێکۆشانی بۆ پاراستنی سروشتی مۆزایکی و

## پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوك

فرە کولتووری ئەم شارە کردووە و  هیچ کاتێك خوازیاری ئەوە نەبووە راستینەی مێژوویی و جوگرافی و دیمۆگرافییەکەی کەرکوك و ناوچە هاوشێوەکانی بشێوێت و تێکبدرێت. گەلی کورد هەر تەنیا لە کەرکوك و ئەو ناوچانەدا وەها هەڵسوکەوتی نەکردووە، بەڵکو لەقووڵایی جوگرافیای کوردستاندا خاوەن هەمان تێڕوانین و هەڵسوکەوت بووە. مانەوە و خۆپاراستنی ئەو گەل و نەتەوە و ئەتنیکانە لە کوردستان و بەیەکەوە ژیانی هەزاران ساڵەیان لەگەڵ کورددا بەتەبایی و ئاشتیانە، سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە گەلی کورد فرە کولتووری و فرە ئەتنیکی لەکوردستاندا بۆخۆی بەسیمای دەوڵەمەندێتی کولتووری کوردستان و سەرچاوەیەکی هێز و توانستی بینیوە. هەربۆیە بەردەوام لەمیانەی بەرگریکردنی لەناسنامە و ئیرادەی نەتەوەیی خۆی بەرگری لەناسنامە و ئیرادەی گەل و نەتەوەکانی تریش کردووە و لەمڕووەوە بۆتە قەڵغان و پارێزوانی ئەوانیش. هەڵبەتە ئەمەش بەو رادەیەی هێز و وزەی بەو گەل و نەتەوانە بەخشیوە ئەوا بەهەمان رادەش زەمینەی تەبایی و بەیەکەوە ژیانی لەنێوانیاندا زیاتر کردووە و تارادەیەکی زۆر هاوچارەنووسی و هاوخەباتی و هاوئامانجیشی لەنێوانیاندا خولقاندووە.

بۆیە دەبێت هەموو لایەك بەوردی لەو راستییە تێبگەین کە کێشەی گەلی کورد پەیوەست و ئاوێتەی کێشەی گەل و نەتەوەکانی تری کوردستانە.

## پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوك

هەروەك چۆن چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەئاستی کەرکوك و ئەو ناوچانە و ئێراقدا بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو گەل و نەتەوانە نایەتەدی، ئەوا مسۆگەر بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد کێشەی ئەو گەل و نەتەوانەش چارەسەر ناکرێت. ئەمە بەو واتایە نایەت کە کێشەی هەر گەل و نەتەوەیەك خاوەن تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی نییە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەحوکمی ئەوەی لەگەڵ گەلی کورددا خاوەن و شەریکن لەهەمان خاك و نیشتماندا و هەزاران ساڵە بەیەکەوە لەسەر هەمان خاك و نیشتماندا دەژین، ئەوا بەو رادەیەی خاوەن کێشەی تایبەتی خۆیانن، مسۆگەرخاوەن کێشەیەکی هاوبەشیشن لەگەڵ گەلی کورددا. هەربۆیە چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری و کلدانی و سریانی هەمووی بەیەکەوە پەیوەستدارن، چونکە وەك چۆن بەیەکەوە خاوەن وڵات و کولتوور و ناسنامەیەکی هاوبەشن، ئەوا دەبێت بەئیرادە و تێکۆشانێکی هاوبەشیش چارەسەری کێشەکان بکرێت و رێك پێچەوانەی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەی هێزە دەرەکی و دەسەڵاتە شۆڤێنیستەکان هەڵسوکەوت بکرێت. بێگومان ئەمەش تەنیا بە پشتبەستن بە زیهنییەتێکی کراوەی دیموکراتی کە تێیدا بەیەکەوە ژیانی ئازادانە و یەکسان بەبنەما دەگرێت دێتەدی.

لەکاتێکدا کە کێشەکە گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیداری ئەوتۆ کە چیدی بێچارەیی و بنبەستبوون پەسند ناکات، ئەوا دەخوازین پرۆژەیەکی نوێ پێشکەشی رای گشتی و گەلی کورد، تورکمان، عەرەب، ئاشووری ـ کلدانی ـ سریانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەین، تاکو بتوانین لە رێگەی ئەم پرۆژەیەوە بە بەشدارییەکی چالاکانەی جەماوەر ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین.

## ئەو بنەما گشتییانەی پێویستن بۆ چارەسەری کێشەکە:

1ـ کێشەی کەرکوك و ناوچەکانی تر کێشەیەکی رواڵەتی و کاتیی، یان هەر تەنیا سیاسی و ئابووری نییە، بەڵکو خاوەن راستینەیەکی مێژوویی، جوگرافی، دیموگرافی و ئیدارییە، کە پێویستە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی بزانرێت. بۆیە پێویستە هەر پرۆژە و رێوشوێنێکی چارەسەری بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایانە پێشبکەوێت. بەتایبەتی کێشەی کەرکوك بۆ گەلی کورد وپێکهاتە رەسەنەکانی تری ئەم شارە و ناوچەکانی تر دەربڕی ناسنامە و ئیرادەیە.

2. بەر لەهەموو شتێك ئەم كێشەیە كێشەیەكی ناوخۆیی باشوری كوردستان و ئێراقە، تەنها گەلانی ئەو شار و ناوچانە دەتوانن بەیەكەوە بڕیار لەسەر چارەنووسی هاوبەشی خۆیان بدەن. بۆیە پێویستە كۆتایی بەسیاسەتی بەرژەوەندیپەرست، وابەستەیی بەدەرەوە، بێچارەهێشتنەوە، هەر شێوە دەستێوەردانی هێزە جیهانی و هەرێمییەكان بهێنرێت، بەتایبەتیش توركیا، ئێران، سوریا كە خۆیان خاوەنی هەمان كێشەن لەگەڵ گەلی كورد و پێكهاتەكانی تردا.

3. دەستبەرداریكردن لە زیهنییەتی دەوڵەت نەتەوە، چەمكە شۆڤێنیستی، دەمارگیری، پاوانخوازی، ناوەندگەرێتی و قووڵكردنەوەی ناكۆكییەكان، پێویستییەكی ژیانییە بۆ چارەسەرییەكی هەمیشەیی و دادوەری و دیموكراتیانە. بۆیە هەڵسوكەوتكردن بە زیهنییەتێكی دیموكراتی و رۆحێكی تەبایی و ئاشتیانە و پەرەپێدانی زەمینەیەك بۆ بەیەكەوە ژیانی ئازادانەی گەلان مەرجی بنچینەیی چارەسەریی كێشە و ناكۆكییەكانە.

4. لەشێواز و میكانیزمی چارەسەریدا پێویستە دەستبەرداری لەو چەمكانە بكرێت كە پێداگری لەسەر زۆرینە و كەمینە، بەهێزی و لاوازی، گەورەیی و بچووكی پێكهاتەكان بەرامبەر یەكتر دەكات. چونكە ئەمە رێگا لەبەردەم بێچارەیی و بنبەستی و وابەستەبوون بەدەرەوە دەكاتەوە. لەبری ئەمە چەمكی دەرفەتی بەشداری دیموكراتیانەی گەلان و هاوڵاتیبوونی ئازاد و

یەکسان بەبنەما وەربگیردرێت و هەر پێکهاتەیەك وەکو دەوڵەمەندییەکی کولتووری و شارستانی سەیر بکرێت و لەچوارچێوەی پێوانەی دیموکراتی و دادوەری و یەکسانیدا ماف و ئازادییەکان لەدەستوور و کرداردا گەرەنتی بکرێت. پێویستە هەموو پێکهاتەکان بەمشێوەیە رێز لە ناسنامە و ماف و ئازادییەکانی یەکتر بگرن.

5. پێویستە هەموو ئەو خەڵکانەی لەچوارچێوەی سیاسەتی تەعریب ـ تەرحیل و کۆمەڵکوژی کولتووری و بەدوور لەخواست و ئیرادەی خۆیان لەو ناوچانە کۆچبەرکراون یان هاوردەی ئەو ناوچانە کراون، هەروەها ئەوانەش کە لە شوێنی کاری خۆیان دەرکراون یان ناچاری دەستبەرداربوون لە کاری خۆیان کراون بگەڕێندرینەوە زێد و وار و سەر کاری خۆیان، لەرووی ماددی و مەعنەوی قەرەبوو بکرێنەوە. هەروەها سەرجەم ئەو ئیجرائات و گۆڕانکارییە ئیدارییانەی بەمەبەستی شێواندن و لاوازکردنی پێگەی پێکهاتەکان ئەنجامدراوە هەڵوەشێنرێتەوە و بگەڕێندرێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی.

6 ـ وەکو پرەنسیپێکی بنچینەیی دیموکراتیانە بۆ چارەسەری کێشەی ئەو ناوچانە، مافی بڕیاردانی گەل و پێکهاتەکان سەبارەت بە چارەنووس و شێوەی ژیانی هاوبەشی خۆی میکانیزمی "ریفراندۆم" و شێوازەکانی تری دیموکراتییەتی راستەوخۆ بە بنچینە وەربگیردرێت.

7. لەئاستی ئێراقدا "ئێراقیبوون" و لەئاستی کوردستاندا "کوردستانیبوون" وەك ناسنامەی باڵا و هاوبەش پەسند بکرێت.
بەمەرجێك ناسنامە باڵاو هاوبەشەکان نکۆڵی لە ناسنامە تایبەتەکان نەکات و هەوڵی سڕینەوەیان نەدات. لەسەر ئەو بنەمایە؛ ناسنامە باڵاکان (ئێراقیبوون، کوردستانیبوون) و ناسنامە تایبەتەکان (ناسنامەی نەتەوەیی، ئایینی، ئایینزایی، کولتووری) پارێزراو بێت و لەدەستووری هەرێمی کوردستان و کۆماری ئێراقی فیدراڵی گەرەنتی بکرێت. بەمەش پێویستە خەڵکی کەرکوك و هەموو ئەو شارو شارۆچکە و گوندانەی هەمان کێشەیان هەیە، ئازادانە پشتگیری خۆیان بۆ ئەو ناسنامانە دەرببڕن.
8. لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی "هەموو هاوڵاتیان خاوەنی یەکسان و هاوبەشی سەرجەم داهاتی وڵاتن" و "خۆتێری اكتفاء الذاتي" و "پێداویستی" داهاتەکانی وڵات بەشێوەیەکی دادپەروەر و یەکسان دابەشبکرێت. بەمەرجێك هەر هەرێم و شار و ناوچەیەك ڕێژەیەکی لەو داهاتەی لێیەوە دەستدەکەوێت پێببەخشرێت.

## چەند میکانیزمێك بۆ چارەسەری کێشەکە:

## پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوك

1- هەر سێ پرۆسەی دەستنیشانکراوی نێو ماددەی (140) "ئاساییکردنەوە، سەرژمێریکردن، ریفراندۆم" لەکەرکوك و سەرجەم ناوچەکانی تر وەك هەنگاوێکی بنچینەیی جێبەجێ بکرێت، میکانیزمەیەکی هەرە راستە، چونکە ئەمە خۆی لەخۆیدا گەڕانەوەیە بۆ رای گەل و رێگە گرتنە لەدەستێوەردانی دەرەکی. ئەگەر هەر ماددەیەك لەدەستووردا شوێنی ماددەی (140) بگرێتەوە ئەوا دەبێت ئەو سێ پرۆسەیە لەخۆوە بگرێت.

2- پێویستە دەسەڵاتی ئێراق و لایەنە دەسەڵاتدارەکان بەگومانەوە سەیری کورد و مەسەلەی کەرکوك نەکەن و تەنیا لەڕوانگەی ئابوورییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا نەکەن، دەسەڵاتی کورد و لایەنە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانیش هەڵوێستێکی وەها نیشانبدەن کە کوردستان وڵاتی هەموو گەلانی دانیشتووی کوردستانە، نەك تەنیا وڵاتی کوردە و کورد دەخوازێت ئەو گەلانەی تر لەبۆتەی خۆیدا بتوێنێتەوە یاخود بێ ئیرادەیان بکات.

3- کەرکوك و ناوچەکانی تر خاوەن پێکهاتەیەکی فرەڕەنەتەوەیی و فرەکلتوری فرەئایینی و فرە مەزهەبیە. چارەسەری هەرە گونجاو کە بتوانێت پێکەوە ژیانی ئەو پێکهاتە دەوڵەمەندە بەشێوەیەکی ئاشتی و دیموکراتی و ئازادانە مسۆگەر بکات؛ چارەسەری کۆنفیدراڵیزمی

دیموکراتییە، کە لەسەر بنەمای دیموکراتییەتی راستەوخۆ و ناسنامە و ئیرادەی سەربەخۆ گەل و نەتەوەکان دەتوانن خۆیان بەرێکخستە بکەن و گوزارشت لەخۆیان بکەن. واتە هەر گەل، نەتەوەو کولتوورێکی جیاواز لەسەر بنەمای ناسنامە و ئیرادەی سەربەخۆ " ئەنجوومەن" و دەزگای تایبەتی خۆیان دادەمەزرێنن. بەمەش بناخەی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و ئازاد دادەرێژرێت.

4= لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی کەرکوك و ئەوناوچانەی کێشەیان هەیە کوردو تورکمان وئاشووری ـ کلدانی ـ سریانین و ئەم گەلانەش پێکهاتەی سەرەکی هەرێمی کوردستانن، لەبەر ئەمە ئەگەر بێت و ئەم هەرێمانە نەکەونە سەر هەرێمی کوردستان ئەوا ئەو گەلانە پارچە دەبن و بەشێکیان لەهەرێم دەبن و بەشەکەی تریشیان لەدەرەوەی ئەو هەرێمە دەبن، ئەمەش بەزیان بۆ ئەو گەلانە دەشکێتەوە. مانەوەی ئەم هەرێمانە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان کێشەکانیان چارەسەر ناکات، بەڵکو پەرتەوازەیان دەکات. هەربۆیە چارەسەری هەرە راست و بە سوود بۆ پێکهاتەکانی کەرکوك و ناوچەکانی تر ئەوەیە کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و لەنێو هەرێمی کوردستاندا خاوەن پێگەیەکی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی بێت و عەقڵییەتی دیموکراتی و پێکەوە ژیان بکرێتە بنەمای خۆرێکخستن و بەڕێوەبردن. ئەو پێگە تایبەتییەی کەرکوك لە دەستووری هەرێمی کوردستان و دەستووری هەمیشەیی ئێراقدا و

لەچوارچێوەی یاساو پرنسیبدا دانی پێدابنرێت. واتا دان بەوەدا بنرێت کەکەرکوك شارێکە خاوەنی پێگەیەکی ئۆتۆنۆمی دیموکراتییە لەنێو هەرێمی کوردستانی ئێراقدا.

5. لەسنووری ئیدارەی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی کەرکوکدا؛ شانبەشانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ئەنجومەنێکی نەتەوەکان هەبێت کەنوێنەری نەتەوەکان بەژمارەیەکی یەکسان جێگەی خۆیانی تێدا بگرن، ئەم ئەنجومەنە سەرۆکایەتیەکەی دەوری بێت و ئەو کێشانەی کەلەڕووی نەتەوەیی و کولتوری و پەروەردەییەوە دەردەکەون هەڵوەستەی لەسەر بکات. ئەم ئەنجومەنە بەتەوافوقی دیموکراتی بڕیار بدات، بەمەرجێك هەر نەتەوەو گەلێك سەبارەت بەچارەنووس و کێشەکانی تایبەت بەخۆی خاوەن مافی ڤیتۆ بێت.

6=ئەو مۆدیلەی بۆ پارێزگای کەرکوك بەبنەما وەردەگیرێت بۆ قەزاکانی سەر بەکەرکوك و ئەوشارانەی تریش کەکێشەیان هەیە بەبنەما وەربگیرێت. ئەمەش لە چوارچێوەی دەستووری هەرێمی کوردستان و یاسای پارێزگانی هەرێمدا جێگیر بکرێت.

7. کورد، تورکمان، ئاشووری= کلدانی= سریانی و عەرەب کەگەلان وهاوڵاتی سەرەکین لەهەرێمی کوردستاندا، پێویستە زمانیان وەك زمانی سەرەکی و فەرمی و پەروەردە پەسند بکرێت، کولتووریان وەك بەشێك لە دەوڵەمەندێتی کولتووری کوردستان ببینرێت، هەروەها ئەم گەلانە

بەخاوەنی هاوبەشی هەرێمی کوردستان بناسرێن، مافیان هەبێت لەخۆ بەڕێوەبردن و خوێندن بەزمانی خۆی، ئەمەش لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا جێگیر بکرێت. واتە لەدەستوور و لە دەسە**ڵاتی جێبەجێکردندا** ئەوە بسەلمێنرێت کەکوردستان لەمێژووداو لە ئەمڕۆشدا تەنیا وڵاتی کورد نەبووە و بەڵکووڵاتی هەموو ئەوگەلانەیە کە تێیدا دەژین.

8- لە ئاستی هەرێمی کوردستانیشدا پەرلەمانی کوردستان لە دوو ئەنجومەن پێکبێت، شانبەشانی ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجومەنێکی نەتەوەکان دروست بکرێت، لە ئەنجومەنی نەتەوەکاندا نوێنەری نەتەوەکانی کوردستان بە شێوەیەکی یەکسان بەشداربن و ئەنجومەن بتوانێت ماف و سەربەخۆیی و بەشداری دیموکراتیانەی هەموو پێکاتەکانی کوردستان لەبەڕێوەبردندا گەرەنتی بکات. ئەم ئەنجومەنە بەتەوافوقی دیموکراتی بڕیار بدات، بەمەرجێك هەر نەتەوەو گەلێك سەبارەت بەچارەنووس و کێشەکانی تایبەت بەخۆی خاوەن مافی ڤیتۆ بێت. لەگەڵ ئەمەدا هەر گەل و نەتەوەیەکیش ئەنجوومەنی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت کە لەئاستی ئەو پێکهاتەیەدا سەبارەت بە زمان و کولتوور و پەروەردە و بوارەکانی تردا خاوەن هێزی بڕیاروەرگرتن بێت. لەگەڵ ئەمەدا هەر گەلێك مافی گەرەنتی بکرێت کەخاوەنی ئەنجوومەنی نەتەوەیی تایبەت بەخۆی بێت کە گوزارشت لە ئیرادەو مەرجەعییەتی دیموکراتیانەی بکات و لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا ببێتە مادەیەکی یاسایی. ئەمەش

ئەو گەل و نەتەوانە لە پارچەبوون و پەرتەوازەیی دەپارێزێت و یەکێتیان گەرەنتی دەکات.

9= پێویستە لەئاستی دەوڵەتی فیدراڵی ئێراقیشدا ئەنجوومەنی نەتەوەکان دابمەزرێت، کە گەل و نەتەوەکان بەشێوەیەکی یەکسان و دیموکراتیانە نوێنەرایەتی خۆیان بنێرنە ئەم ئەنجوومەنە. کێشەکانی نێوان گەل و نەتەوەکان بەتەوافقی دیموکراتی چارەسەر بکرێت، بەمەرجێك هەر نەتەوە و گەلێك سەبارەت بە چارەنووس و کێشەکانی تایبەت بەخۆی خاوەن ماڤی ڤیتۆ بێت.

10. پێکهاتەی کولتووری، ئەتنیکی کۆمەڵگای کوردستان خاوەن تایبەتمەندییەکی هەمەڕەنگی مۆزایکی دەوڵەمەندە. ئەو پرەنسیپ و ماددانەی کە بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوك دەستنیشان کراوە، دەکرێ بۆ چارەسەری کێشەی هەر ناوچەیەکی تری کوردستان، یاخود ئەو پێکهاتانەی دەکەونە ناو سنووری کوردستانەوە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندێتیەکانیان سوودی لێ وەربگیرێت. بەتایبەتی کێشەی ناوچەکانی"شەنگال، زومار، تەلعەفەر، شێخان، حەمدانییە، مەخمور، دووزخورماتوو، خانەقین، شارەبان، مەندەلی، بەدرە و جەسسان"، هەروەها ئێزیدی، شەبەك و کوردی فەیلیش دەتوانرێت بەم میکانیزمەو پرەنسیپانە چارەسەر بکرێن.

**کۆنفرانسی جەماوەری کەرکوك**

**2008-10-17**

**تێبینی : کۆنفرانس کومیتەیەکی حەوت کەسی هەڵبژارد بۆ بە دواچوونی ئەم پرۆژەیە بە ناوی : کۆمیتەی بە دواداچوونی پرۆژەی چارەسەری پرسی کەرکوك و ناوچەکانی تر.**

**Email: p.kerkuk@yahoo.com**

# پرۆژە یاسای
# قەدەغەکردنی توندوتیژی

# قەدەغەکردنی توندوتیژی

**دەقی پرۆژە یاسای قەدەغەکردنی توندوتیژی پێشکەش کراو لە لایەن ئەنجوومەنی ژنی ئازادو تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستانەوە بە پەرلەمان کوردستان لە ساڵی 2007**

**(پرۆژە یاسای قەدەغەکردنی توندوتیژی)**

**لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی ئاماری لەسەر ڕێژەی ئاستی توندوتیژی لەساڵی(2005 تا 2006) لەسەر ژنان لە شاری سلێمانی و دەوروبەری سلێمانی بەڕێوەچوو، کە لێکۆڵینەوەکە لەلایەن هەردوو ڕێکخراوی (مەکتەبی کاروباری ژنان و تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازیکوردستان)ەوە ئامادەکرابوو، لە دەرئەنجامدا دەرکەوت ئەو ڕێژەیە لەماوەی ساڵێکدا (41٪) زیادی کردووە، لێکۆڵینەوەکە لەسەر هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کراوە کە زۆرینەی توندوتیژیەکان لەلایەن خێزانەوە ڕووبەڕوی ژنان بۆتەوە.**

**ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە و ئەو زانیاری و داتایانە بەڕاپۆرتێك لەکۆنفرانسێکدا پێشکەشکرا،**

**کە کۆنفرانسەکە بەبۆنەی (ڕۆژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی لەدژی ژنان لە جیهاندا) لەڕۆژی 2006/11/24 سازدرا. کەژمارەیەکی زۆر لەڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و ڕاگەیاندنەکان و کەسایەتی سەربەخۆ بەشداربوون.**

## قەدەغەکردنی توندوتیژی

لەکۆنفرانسەکەدا گفتوگۆی تێروتەسەل کرا لەسەر بەڕێوەبردنی توندوتیژی لەسەر ژنان و جۆرەکانی توندوتیژی و هۆکارەکانی لەبواری (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابوری) لەپێناوی چارەسەری بۆ ئەم کێشەیە چەندین بیروبۆچون و پێشنیاری گرنگ پێشکەوتن.

لەئەنجامدا لیژنەیەك هەڵبژێردرا بۆ بەدواداچوون و ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەك، لیژنەکەش پێکهاتبوون لەم کەسانە ﴿ئەمیرە حەسەن ڕاوێژکاری یاسایی)، (پەروین عەزیز چالاك لەڕێکخراوەکانی مەدەنیدا)، (نەجیبە عومەر بەرپرسی ڕێکخراوی مەکتەبی کاروباری ژنان)، (نازەنین عوسمان نوێنەری تەفگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان)،(م.شەرمین مامۆستای زانکۆ لەبەشی ڕێنمایی کشتوکاڵی)، (دکتۆرە ئاورینگ کەسایەتی سەربەخۆ)چرۆعوسمان نوێنە ریCDO﴾

لەپاش چەندین کۆبونەوە و دانیشتنی ئەم لێژنەیە گەیشتینە بڕیارێکی وەها کە پرۆژە یاسایەك ئامادە بکرێت کەزیاتر سود لەپرۆژە یاسای (بەهار عەلی) وەرگیراوە کەلەسەر نەهێشتنی توندوتیژی ناو خێزان ئامادەی کردبوو.

بێگومان ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەکی بەم شێوەیە بەگرنگ و پێویستیەکی هەنوکەیی دەبینین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان و قەدەغەکردنی توندوتیژی لەڕێگەی یاساوە، بەتایبەتی لەکاتێکی وەهادا کەهاوکاتە لەگەڵ ئامادەکردن و دارشتنەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان،

## قەدەغەكردنی توندوتیژی

بەهـــەمان شـــێوە گۆڕانكـــاری یاســـایی لـــەبواری (سیاســـی، ئـــابوری، كۆمەڵایەتی...هتد) بۆتە پێویستیەكی گرنگی ئەم قۆناغە.

## بەندی یەكەم:

توندوتیژی برتیه لەئەنخامـدانی هـەر ڕەفتـارو كردەوەیـەكی توندوتیـژی، یـان هەڕەشـــەكردن و بـــە ئەنحامـــدانی، یـــان هەوڵـــدان بـــۆ ئەنجامـــدانی لەسەربنەڕەتی ڕەگەز دژبه ئافرەت و منـدالْ لـه خێـزان و كۆمـەڵگادا بكـرێ وه له ئاكامیدا زیانی جەستەیی و سێكسی دەرونـی لێ بێتەكایـەوه وه مـاف و ئازادیەكانی ئافرەت زەوت بكات.

## بەندی دووەم:

ئەم هۆكارانەی خوارەوه بەتوندوتیژی دەژمێردرێن

### ا- لەناو خێزان:

1- بەزۆربەشودان، گەورەبەبچوك، مارەبڕینی سەربێشكه، ژن بـەژن، ژن لەجیاتی خوێن.

2- سـوكایەتی پێكـردن و جنێـودان بـەژن وكەسـوكاری و هـەروەها مندالْ و تف لێكردن و، بەكەم سەیركردن، ئازاردان، هەڕشەكردن، فشاری دەرونی.

3- زەوتكردنی مافەكان و ئازادییـەكان، مافـه مـەدەنی و سیاسـیەكان، مافه كۆمەڵایەتی وڕۆشنبیریەكان و مافه ئابورییەكان، ئازادیەكان بەپێی

دەستور لەسەر ژنان و منداڵان بەپێی مافی منداڵانی جیهان (بە پێی بنەما نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ)

4- سیکس کردنی پیاو لەگەڵ ژنی خۆیدا بەبێ ڕەزامەندی ژن.

5- لێدانی مێینە بەناوی تەمێکردن.

6- خەتەنەکردنی مێینە.

## ب- لەناوکۆمەڵدا.

1- جیاوازی کردن لەپلەو پایەو دەرفەتی کارو خوێندن لەسەربنەمای ڕەگەز دژبە مێینە.

2- بەکەم سەیرکردنی ژنان پەراوێزکردنیان و وەرنەگرتنی ڕاوبۆچونیان بە هەندو بەشداری پێنەکردنیان لە چالاکیە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکان و ڕێگری لەسەرخستنیان بۆ ناوەندی بڕیارو بە بیانووی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی نەگونجاو.

ج- لەیاسادا:

گۆڕینی و چاکسازی لەهەموو مادەو ئەو بڕگە یاسایانەی کە توندوتیژن لەگەڵ ئافرەتدا.

بۆنموونە، یاسای باری کەسێتی، سزادان، لەش فرۆشی، ڕەگەزنامە.

## بەندی سێهەم:

# قەدەغەکردنی توندوتیژی

دەزگایەکی تایبەت بە راوێژکاری خێزان دامەزرێ لەسەربنەمای سیستەمی پارێزگاری خێزان وەك لە دەستوردا بەپێی مادەی(    ) ئاماژەی پێکراوە.

**کە لەم بەشانە پێکهاتووە:**



## قەدەغەکردنی توندوتیژی

دادگایەکی تایبەتمەندی جۆری ( اختصاص النوعی) بەتوندوتیژی بکرێتەوە لەناوەندی هەر پارێزگایەکدا لەلایەن وەزارەتی دادەوە بە هاوکاری دەزگای ڕاوێژکاری بڕیاردان لەسەر ئەم تاوانانەی کەئەم یاسایە دەیگرێتەوە.

## بەندی پێنجەم:

ئەو کەسانەی مافی سکاڵاکردنیان هەیە بەپێی ئەم یاسایە..

1- قوربانی ڕاستەوخۆی توندوتیژی خۆی.
2- کەسی پلەیەکی قوربانیەکە.
3- لەڕێی جێگرانی داواکاری گشتی تایبەت بەناوچەکە.

بەندی شەشەم:

## بەندی شەشەم:

ئەوکەسانەی کەمافی ( ڕاگەیاندنیان ) هەیە لە تاوانەکە ( اخبار عن الجریمه )

1- هەرکەسێك، هەرلایەنێك تاوانەکە بەچاوی خۆی ببینێ یان زانیاری لەبارەیەوە هەبێت، یان ئەندامی خێزانەکە بێت.

2- ئەوانەی لەبواری تەندروستی، پەروەردە، یان لە ناوەندی یارمەتی دانی قوربانیەکان کاردەکەن و ئاگاداری حاڵەتەکانی توندوتیژی دەبن.

## بەندی حەوتەم:

دەبێ بەپەلە و دەست بەجێ دەزگای پۆلیس بەشی بەهاناچوون لە دەزگای پاراستنی خێزان بچێ بەهانای قوربانیەکانی توندوتیژیەوە، ڕوبکاتە شوێنی ڕوداوەکە لەم کاتانەدا

1- ئەگەرتوندوتیژی ڕویدابێت
2- ئەگەر توندوتیژی خەریك بێت ڕوبدات

## بەندی هەشتەم:

لەگەڵ وەرگرتنی شکایەت یان ئاگادارکردنەوە دەبێ دەست بەجێ لێکۆڵینەوە دەست پێبکات لەلایەن بەشی تایبەتمەندەوە:

بەندی نۆهەم – دابین کردنی شوێنی ئارام بۆ قوربانیەکان دەست بەجێ پاراستنیان یارمەتی دانیان و دابین کردنی پێویستیەکانیان گەیاندن بۆ نەخۆشخانە بەپێی پێویست.

لە قۆناغی یەکەمدا: پاراستنی ئەو قوربانیانەی ژیانیان لەژێر هەڕەشەدایە لەشوێنی نهێنی تایبەت.

**قۆنـــاغی دووەم** – چارەسـەری دەرونـی، ڕاهێنـان و پەرەپێـدانی تواناکانیان، دابینکردنی ڕاوێژکاری یاسایی بە خۆڕایی.
تاوانبار ئەگەر پێویستی کرد دادگا دەکرێت و لە مـاڵ دووردەخرێتـەوە ئەخرێتە ژێر چاودێری بەڵێننامەی پێ مۆردەکرێت بەهیچ جۆرێك لە قوربانیـەکان نزیـك نەبێتـەوە و هەڕەشـەیان لێنـەکات لـە خۆیـان و شاهیدەکانیان.

## بەندی دەهەم:

تاوانبـار بـۆی هەیـە لـە ژێـر چـاودێری پۆلیـسدا منـداڵاکانی ببـینێ بەمەرجێ زیانیان پێنەگەیێنێ لە ڕووی دەرونیەوە.

بەندی یازدەهەم:

دادگای تایبەتمەند پاش لێکۆڵینەوە لەماوەی یەك مانگدا بڕیاری خۆی ئەدا لە بارەی تاوانبارەوە بەم شێوەیە.

1- بەجێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوون و ژن و منداڵاکانی بە هـەموو کەلوپەلێکەوە.
2- ئەگەر تاوانبار کرێچی بێت، دەبێ کرێی خانووکە بدات.
3- لـە هـەموو کاتێکـدا پێویـستە ڕاپـۆرتی پزیـشکی بەدەسـت بهێنـێ سەبارەت بەسەلامەتی نەخۆشی دەرونی و مێشك.
4- دابینکردنی ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی و دەرونی.

5- ڕەوانەی پزیشکی دەرونی بکرێت لە کاتی پێویست بۆ ئەوەی ئامادەبکرێت بۆ گەڕانەوەی.
6- قەدەغەکردنی هەلگرتنی چەك لەلایەن تاوانبارەوە.

## بەندی دوازدەهەم:

ئەو ژنانەی دوچاری توندوتیژی دەبنەوە ئەتوانن وەك هۆیەك داوای جیاکردنەوە بکەن، بارودۆخەکە بەهەند وەردەگرێ لەگەڵ بڕیاری دادگای تایبەت.

## بەندی سیازدەهەم:

دانیشتنەکانی دادگا لەسەر داوای قوربانی، پێوستە نهێنی بێت.

## بەندی چواردەهەم:

تەنیا شایەدی ژنەکە بەهەند وەردەگیرێت.

بڕیاری دادگا بەپێی قورسی و جۆری تاوانەکە سوك یان قورستر دەبێت، هەرتاوانێکی توندوتیژی کە ئازاری بگاتە جەستە یان چەك بەکاربهێنرێت یان ئەندامێکی لەشی لە دەست دابێت، بە هەلومەرج توندوتیژی دادەنرێت پێویستە دادگا لەماوەی شەش مانگدا کێشەکە یەك لابکاتەوە و بڕیاربدات.

## بەندی پازدەهەم- جۆری سزاكان

هەركەسێك تاوانی توندوتیژی خێزان ئەنجام بدات سزای گرتن لەیەك ساڵ زیاتر نادرێت لەم حاڵەتەدا:

أ- ئەگەر شوێنی كاری توندوتیژی بەلەشی ژنەكەوە دیاربێت وەك ئەوەی شوێنی لێدانەكە شین ببێتەوە، یان بریندارییەكەی سەخت و دیاربێت

ب- ئەگەر لە ئاكامی توندوتیژیەكە زیانی دەرونی كەوتەوە.

ج- دووبارەبونەوەی تاوانەكە بە (ظرفی مشدد) دادەنرێ تا سزاكە قورس دەكرێت بەشێوەیەك لەیەك ساڵ كەمتر نەبێت.

هـ- ئەگەر لەئەنجامی تاوانەكە ئەندامێكی لەشی لەدەستچوو یان شێواندنی دەم و چاو و لەدەستدانی ئەقڵی تاوانبار () ساڵ زیندانی دەكرێت یان غەرامە دەكرێت.

و- دەست درێژی كردنە سەر ناموسی ژن و منداڵ لەچوارچێوەی خێزاندا لە () ساڵ كەمتر زیندانی دەكرێت.

ز- كوشتنی ئافرەتان بەبیانوی ناموس پەرستی كە بەپێی بەندی هەمواركراوی بڕیاری 59 ی یاسایی سزا دەدرێت، پاشان دارشتنەوەی،

## قەدەغەكردنی توندوتیژی

واتە بەشێوەیەك كە بكوژەكەی بەهەر بیانوویەك ئافرەت بكوژێت سود لەبڕگەی سوككردنی سزا وەرناگرێت.

هـ- خەتەنەكردنی ئافرەتان بریتیە لەبڕینی بەشێك یان تەواوی بەشە دیار و هەستیارەكانی كۆئەندامی زاوزێ كردن(سێكسی) مێینە، تاوانبار() سالٚ (زیندانی) دەكرێت بەلایەنی كەم، ئەو كەسانەی ئاسانكاری بۆ دەكەن (دایك یان باوك) غرامە دەكرێت. ئەگەر ئەنجامدەر (دایك یان باوك) بێت ئەوا سزاكەی قورستر دەكرێت بۆ ماوەی ()سالٚ، ئافرەتی خەتەنەكراو دەبێ بەم جۆرە مامەلٚەی لەگەلٚدا بكرێت.

بەزوترین كات لە ڕوی تەندروستیەوە چارەسەر بكرێت، چارەسەری باری دەرونی بكرێت.

**تێبینی؛لەكاتی سەپاندن غرامە پێویستە ئەوبڕەپارەیە بەرامبەر بەڕۆژانی زیندانی بێت بەمانای مەسرەفی ڕۆژێكی زیندانی بەشێوەیەكی گونجاو.**

# لیژنەی ئامادەکاری پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی توندوتیژی لە کوردستان

# نا... بۆ ڕەشنوسی
# دەستوری ئامادەکراو

# نا...بۆ ڕەشنوسی دەستوری ئامادەکراو

وەکو دەزانرێت دەوڵەتی ئێراق لە لایەنی بەریتانیاوفەرەنساوە وەك یەکێك لە دەرئەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و بێ پرس و ڕا بە خەڵکەکەی ئاواکرا و دواتر لە لایەن بەریتانیاوە (فەیسەڵی)یەکەم وەکو پادشا بەسەر گەلانی ئێراقدا سەپێنرا. لە ساڵی 1921دەوڵەتی ئێراق ڕاگەیەنرا، لە ساڵی 1925 دا یاسای بنچینەیی وەکو یەکەمین دەستوری هەمیشەیی دەوڵەتی ئێراق دارێژرا، ئەم یاسایەش هەتاوەکو ساڵی 1958 کاری پێکرا.

لە 14ی تەموزی ساڵی 1958دا ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بە ڕێبەرایەتی (عبدااکریم قاسم )بە کودەتایەکی سەربازی کۆتاییان بە ڕژێمی پادشایەتی لە ئێراقدا هێنا و لە جێگەیدا ڕژێمی کۆمارییان ڕاگەیاند و دەستورێکی کاتیشیان بۆ سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی گەلانی ئێراق لە ناوخۆ و لەگەڵ وولاتانی هەرێم و جیهاندا دارشت . لەم دەستورەدا بە ڕەسمی کورد وەکو نەتەوەیەك کە هاوبەشە لەگەڵ گەلی عەرەب لە ئێراقدا دانی پێدانرا. ئەمرۆشی لەگەڵدابێت ئەمە یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگ و مێژووییەکانی نەتەوەی کورد لەسەر ئاستی هەرێمەکە و جیهان ، دواتر شۆڤێنیە عەرەبەکان توانیان لە ساڵی 1963 دا کودەتایەکی سەربازی لە دژی (عبدالکریم قاسم) ئەنجام بدەن ، ئەمەش بووە سەرەتایەك و ڕێگە خۆشکەر بۆ

چەندین کودەتای تر و له ئەنجامدا ساڵی 1968 پارتێکی وەك بەعسی شۆڤێنی و پاشان له ساڵی 1979 دیکتاتۆرێکی وەك (سەدام حسێن) هاتنه سەر دەسەلاَت . ئەم هەموو کودەتاو گۆڕانه کتوپڕانه ، هێمایەك بوو بۆ ڕەوشی نالەباری سیاسی. لەو ماوەیەدا ئێراق هەم نەبووه خاوەنی دەستورێکی هەمیشەیی و هەمیش کار به یاسا نەدەکرا ، ئەوەی بالاَ دەست بوو یاسای هێز بوو نەك هێزی یاسا . ئاشکرایه بەعسی شۆڤێنی و سەدامی دیکتاتۆر چیان بەسەر گەلانی ئێراق بەگشتی و به تایبەتی گەلی کوردا هێنا. له ئەنفال و هەڵەبجه وسڕینەوەی سیمای کوردەواری و تەرحیل و تەبعیس، دەرئەنجام ئەم رژێمه له دونیا دابڕاو و تەجریدی بەسەردا سەپێنرا ، دواتر له لالەیەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوه له 2003/3/19 گورزێکی کوشندەی لێدرا و له 4/9 ی هەمان ساڵدا ڕوخێنرا. لەو ڕۆژەوه گەلانی ئێراق به گشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی له چاوەڕوانی داڕشتنی دەستورێکی هاوچەرخ و ئاواکردنی سیستەمێکی دیموکراتی فیدراڵیدان . هەر بۆیه سەرەڕای هەموو کەمو کورتیەکانی یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئێراق له قۆناغی گواستنەوەدا له لایەن خەڵکییەوه به هەنگاوێك بەرەو پێشەوه دانرا ، بەو هیوایەی که له ئایندەدا هێزه سیاسیەکانی ئێراق به هاوکاری هێزه هاوپەیمانەکان

## نا...بۆ ڕەشنوسی دەستور

بتوانن ڕەشنوسی دەستورێکی هاوچەرخ بۆ خەڵك ئامادە بکەن . تا لە 2005/10/15 دا دەنگی بەڵێی بۆ بدەن .
بەتایبەتی گەلەکەمان لە باشوری کوردستان دا هیوای زۆری بە ڕەشنوسی دەستورەکە هەبوو. لەو بڕوایەدا بووە کە هێزە سیاسیەکانی لەو ئاستەدان کە ئامانجەکانی لە دەستورەکەدا بە ڕوونی و بە باشترین شێوە جێگیر بکەن . هەر لە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسین و دیاریکردنی سنوری جوگراقی کوردستان و گەڕانەوەی کەرکوك و شارۆچکەکانی (خانەقین و مەخمور و دوز و شەنگال...هتد) بۆ باوەشی کوردستان ، ناساندنی هێزی پێشمەرگە وەکو هێزێکی نیزامی هەرێمی کوردستان و خاوەنداریێتیکردن لە سامانە سروشتیەکانی کوردستان و دیاریکردنی مافی ژنان و جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و گەرەنتیکردنی سەروەری یاسا، ئەوەی خەڵکی بەختەوەر تر دەکرد ڕاگەیاندنی داخوازییەکانی شاندی کوردی و سوربوونی سەرکردایەتی حیزبە دەسەلأتدارەکان بوو لەسەر ئەو داخوازیانەو ناو بردنیان وەکو هێڵی سوور. لەگەڵ ئاشکراکردنی ڕەشنوسی دەستوری ئامادە کراو ، کەسایەتیە سیاسی و یاسایی و ڕۆشنبیرەکان کەوتنە خوێندنەوەی ڕەشنووسی ناوبراو بەو هیوایەی دڵیان بە جێگیر کردنی مافەکانی گەلەکەیان شاد بێت، هەر بۆیە ئێمەش وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بە پێویستی دەبینین سەرنج و ڕەخنەکانمان بۆ

## نا...بۆ ڕەشنوسی دەستور

ڕای گشتی گەلەکەمان ڕوونکەینەوە، تا بتوانین لە نزیکەوە ئاگاداری بڕگەو ماددەکانی ئەم ڕەشنوسە ببین، بۆ ئەوەی بتوانین دەنگەکانمان بە باشی لە ڕیفراندۆم دا بە کاربهێنین.

بەشێوەیەکی گشتی ڕەشنوسەکە کەم وکورتی زۆری تێدایە زەهنیەتی مەزهەب گەرا بەسەریدا زاڵە و زۆر بە پلە و پایەی مەرجەعییەت وپیاوانی ئاییدا هەڵدەدات ، بڕگە و مادەکانی کۆنکرێتی و یەکلاکەرەوە نین و دەتوانرێت شیکردنەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت ، هەروەها لە چەندین جێگەدا بڕگە و مادەکانی لەگەڵ یەکتردا دەکەونە ناکۆکییەوە ، دەسەڵاتی زۆری بە ناوەند بەخشیوە ، دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەر حیسابی ئەنجومەنی یەکگرتوو و هەرێمەکان زۆر فراوان کردووە، ڕۆڵ و کار و دەستپێشخەرییەکانی هەرێمەکانی دیاری نەکردووە . هاوتایی و یەکسانی ژن و پیاوی ڕەچاو نەکردووە و لە سنوورێکی تەنگدا دەرفەتی بە بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی، ئابوریدا داوە ، لەم دەستورە ئامادەکراوەدا دان بە کورددا وەکو نەتەوەیەك نانرێت و مافی چارەی خۆنوسینیشی ناناسرێت و لەگەڵ دیاریکردنی سنورە جوگرافیاکەی کوردستاندا نیە و کێشەکان بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە ، سنور و چوارچێوەی ئەرك و شێوازی ئاواکردنی ئەرتەشی ئێراقی دیاری نەکردووە، ئەم دەستوورە پێچەوانەی بانگەشەکانی ئێراقی نوێ و هاوچەرخ و دیموکراتخواز و فیدراڵ و وڵاتێکی نمونەیی خۆرهەڵاتی ناوینە،

هەنگاوێکە بۆ دواوە، بە گشتیش پەیامی بۆ ئایندە زۆر لاوازە و واقعیەتی پارچەربونی ئێراق و بێ باوەری لایەنەکان لە بەرامبەر یەکتردا قوڵتر دەکاتەوە. پێشەکی دیباجەکە لە جێگەی ئەوەی بە عەقڵییەتێکی سەردەمی و دیموکراسی بنوسرێت دیارە پیاوانی ئایین نوسیویانە، چونکە چەمك زهنیەتی ئایین و مەزهەب بە سەریدا زاڵە و هەنگاوێکە بۆ دواوە و بە گشتی بە شان و باڵی پیاوانی ئایین و مەزهەبیدا هەڵدەدات تێڕامانی بۆ ئایندە زۆر لاوازە، هەروەها بە شەفافیەت و بە ڕوونی باس لە پێکاتەی ئێراق ناکات و ئاماژە بە کورد وەکو نەتەوەیەك ناکات و شەرمنانە باس لە یەکگرتنی ئارەزوومەندانە دەکات ، بێ ئەوەی باس لە ڕاستینەی ئەو لایەنانە بکات کە بە شێوەیەکی ئارەزوو مەندانە بڕیاری ژیانێکی هاوبەشیان داوە ئەمە لە کاتێکدایە کە کەس ڕای پێکهاتەکانی ئێراقی وەرنەگرتووە کە ئایا ژیان لەگەڵ یەکتردا قبولْ ئەکەن یان نا (ئەگەر سەیری ڕابردووش بکەین ، کاتێ ڕاپرسی کرا لە ئێراقدا سەبارەت بە پەسەندکردنی مەلیك فەیسەڵ و ژیان لە ناو ئێراقدا زۆربەی کورد بەشدارییان نەکرد ، پارێزگای سلێمانی بەشدارییان نەکرد ، کەرکوك بەشدار بوون بەلآم بە (نا ) وەلآمیان دایەوە ، هەولێر و موسڵ بە گەلێك مەرجەوە ئەمەیان پەسەند کرد ، بێگومان ئەگەرئەمەش وەکو ڕاپرسی بژمێدرێت جەماوەر پەسەندیان نەکردووە). هەر لە دیباجەکەدا ئاماژە بە ڕاپەرینی بەهاری 1991ی شیعەکان دەکات و بەجوانترین ووشەش وەسفی

دەكات، كەچی دان بە ڕاپەرینی بەهاری 1991ی خەڵكی كوردستاندا نانێت هەروەها خۆی لە ئاماژە بە كاولكردنی4500 گوندی كوردستان دەدزێتەوە، لە كاتێكدا بەزەقی باس لەكاولكردنی چەند گوندێكی وەك(دوجێل و بەشیر) دەكات. ئەمە لە كاتێكدایە باس لە ئاواكردنی ئێراقی نوێ و هاوچەرخ و پێشكەوتوو و نمونەیی لە خۆرهەڵاتی ناویندا دەكرێت. لە خوێندنەوەیەكی سەرەتایی دیباجەكە دەگەینە ئەو ئامانجەی كە ئەوەی دیباجەكەی نوسیوە باوەری بە یەكسانی و ئازادی نییە و دیموكراتیش لە لای ئەو شتێكی دیكەیەو پێناسەیەكی تری هەیە و دان بە ئازادی گەلان و دیاریكردنی مافەكانیان لە لایەن خودی خۆیانەوە نانێت هەمیشە لە هەوڵی بچووككردنەوەی بەرامبەر و خۆزلكردندایە .

هەرچی سەبارەت بەمادەی یەكەمە كە تایبەتە بە ناوی دەوڵەتی ئێراق هیچ گۆڕانێكی بە سەردا نەهاتووە، ناو هەر ناوەكەی پێشووە، واتا (كۆماری ئێراق)، بێ ئەوەی فیدراڵی پێوە بێت ئەمە لە كاتێكدایە باس لە سیستەمی دەسەڵات دەكات وەكو سیستەمێكی فیدراڵی ، باشە كە بە شێوەیەكی گەوهەری باوەڕی بتەویان بە فیدراڵی هەیە بۆ ناڕازین لەوەی كە ناوی وڵات، كۆماری ئێراقی فیدراڵ بێت. هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت فیدراڵی تەنها دابەشكردنی دەسەڵاتەكانە لە نێوان ناوەند و چەند هەرێم و پارێزگایەكدا ، پێناسەیەكی بەم ڕەنگە بۆ فیدراڵی ڕاست نییە و دوورە لە ڕاستی فیدراڵییەوە. لە مادەی دووەمدا: باس لە ئایینی دەوڵەت دەكات،

ئەمە دووپاتکردنەوەی راستینەی دەسەڵاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوینە و دوورە لە سیستەمی دیموکراتی و سکۆلا رەوە، چونکە لە سیستەمی دیموکراتیدا دەبێت ئایین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، ئەم جیاکردنەوەیەش پێش هەموو شتێك لە بەرژەوەندی ئاییندایە و سەنگ و قورسایی ڕادەگرێت ، ئەگەر ئایین لە دەوڵەت جیانەکرێتەوە ئەوا دەرفەتی بەکارهێنانی ئایین لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە لە بار دەبێت دەتوانن بۆبەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن ، لەمەش زیاتر ، تیۆری ئایین لە پراکتیکدا دەبێتە مەزهەب و هەر مەزهەب و تەریقەتێکیش بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی ، ئایین دەخاتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیەوە، هەڵوێست وەرگرتن سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی 2004/1/30 باشترین نمونەیە لەم بوارەدا لە کاتێکدا مەرجعیەتی شیعەکان دەنگدانیان بە جیهادکردن دادەنا ، دەبینین پیاوە ئایینیە سونیەکان دەنگدانیان بە (کفر) دادەنا . ئەمە لە کاتێکدا هەر دوو لایەن موسوڵمانن و باوەڕیشیان بە یەك خودا و پێغەمبەر و بەیەك پەرتوکی پیرۆز هەیە، بۆیە ئایین وابەستەی تاکەکانی کۆمەڵگایە و لایەنی ڕۆحییان پەیوەندیدار دەکات و ئەمەش یەکێکە لە نرخ و بەها مرۆییەکان و نابێت دەرفەت بدرێت بخرێتە خزمەتی سیاسەتەوە .هەر لەم ماددەیەدا ناکۆکی جددی هەیە لە نێوان پەرەگرافەکانی (أ،ب،ج)، چۆن دەتوانرێت ماددەیەکی یاسایی پێویست دابرێژرێت و تەوافوقێك لە نێوان سەوابتی ئیسلام و پرەنسیبەکانی دیموکراتی و ناوەرۆکی ئەم دەستورەدا دروست

بكرێت، لە كاتێكدا حكومی یەكلاكردنەوە دراوە بە دەست دادگای باڵاوە كە بە پێی بڕگەكانی ماددەی (91) ی ڕەشنوسی دەستورەكە لە چەند پیاوی ئایینی و كەسێتییەكی یاسایی پێكدێن ، كە لە باشترین ڕەوشدا لە ژێر كاریگەری ئایین و مەزهەبدان و مافی چاودێریكردن و شرۆڤەكردنی بڕگە دەستورییەكانیان لە ئەستۆیە.

لە ماددەی سێیەمدا لە بری ئەوەی رستەیەك هەبێت كە ئاماژە بەوە بكات كە گەلی كوردیش لە ئێراقدا بەشێكە لە نەتەوەی كورد، كەچی بەتەلەفۆنێكی یەكلایەنەو راستەوخۆی(عەمروموسا) ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەبی ، ئەم ماددەیە گۆڕێندرا سەرلەنوێ داڕێژرایەوەو كرا بە ، ئێراق یەكێكە لە دامەزرێنەرانی جامیعەی عەرەبی و پابەندی ڕێككەوتنامەكانێتی . هەروەها هەرێمی كوردستان بۆی نییە ، ماددە و بڕگەی وا لە دەستورەكەیدا دابڕێژرێت كە ناكۆك بێت لەگەڵناوەڕۆكی ئەم رەشنوسە دەستوریەدا، ئەمەش بە پێی خاڵی (2)ی ماددەی (13)كە دەڵێت (نابێت یاسایەك دابڕێژرێت كە ناكۆك و پێچەوانەی ئەم دەستورە بێت، هەر دەقێك هاتبێت لە دەستوری هەرێمەكاندا یان دەقێكی یاسایی پێچەوانەو دژ بێت لەگەڵ ئەم دەستورەدا هەڵدەوەشێتەوە)ئەمەش گورزێكی كوشندەیە لە هیوا وئاواتی خەڵكی كوردستان ، لە رووی داڕشتنی دەستورێكی هاوچەرخ و دیموكراتیانە، چونكە بە پێی ئەم ماددەیە نابێت دەستورێكی مەدەنی و عەلمانی بۆ خۆمان بنووسین.

وەکو PCDK ێشنیارێکمان بۆ ئاواکردنی (ئەنجومەنی نەتەوەکان)کردبوو، بۆ ئەوەی بتوانرێت گیروگرفتی گەلان و نەتەوەکانی ئێراق چارەسەر بکات، لە ماددەی (63)ی ئەم دەستورەدا، دان بە پێویستی ئاواکردنی ئەنجومەنێکی وا دانراوە ، بەڵام داماڵدراوە لەوەی کە خاوەنی ڕۆڵ بێت و بتوانێت هاوسەنگییەك لە نێوان گەلانی ئێراقدا ئاوا بکات و ببێتە هێزێك بۆ گفتوگۆ کردنی گیروگرفتی گەلان و پێهاتەکانی ئێراق و دیاریکردنی ڕێگەچارەیەکی شیاو یۆ چارەسەرکردنی کێشە جیاواز و تێکهەڵچووەکان. هەروەها شتێکی سادە و سەرەتاییە و دەسترۆییەکی ئەوتۆشی نییە، ئەوە لە کاتێکدا دەبوو ئەم ئەنجومەنە دەسترۆبی زۆری هەبوایە و گرنگی تایبەتی پێبدرایە و لە دەستوریشدا بایەخێکی تایبەتی پێبدرایە و ئەکتیڤ بکرایە. لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتێکی زۆر بە ناوەند دراوە لەسەر حیسابی هەرێم و پارێزگاکان ، بە تایبەتی لە ڕووی دەستێوەردانی کاروباری هەرێمەکان لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی و ژینگە و گومرگ و چۆنێتی بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکان ، ئەمەش بە پێی ماددەی (78) و بڕگەکانی. هەروەها ڕۆڵێکی زۆر دراوە بە دادگای فیدراڵی باڵا، ئەمە لە ڕووی یاساییەوە باشە، بە تایبەتی لە ڕووی چاودێریکردنی دەستور و بڕگە و ماددە یاساییەکان و مافی شرۆڤەکردنی بڕگە و ماددە دەستورییەکان و یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان ناوەند و هەرێمەکان، مافی ئاراستەکردنی تۆمەتی هەیە بە شێوەیەکی یاسایی لە بەرامبەر سەرۆك

کۆمار و سەرۆك وەزیران و هەموو دامودەزگا و کەسایەتییە سیاسییەکان ، بەڵام ئەوەی خراپە پێکهاتەی ئەم دادگاییەیە کەوا دیارە کەسایەتییە ئایینیەکان ڕۆڵێکی جددی تێدادەبینن. هەروەها سنوری هەرێمی کوردستان هەرسنورەکەی پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدامە، بە پێی ماددەی (114)ی ڕەشنوسی دەستورەکە هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدراڵ دەناسرێت، ماددەی(138) لە بارەی سنوورەکەیەوە دەڵێت "کە ماددەی 53بڕگەی(1)لە یاسای بەرێوبردنی کاتی لە دەستوری ئێراقی نوێ کاری پێدەکرێت"، ئەم بڕگەیەش لە چوارچێوەی ئەو ناوچانەی کەوا لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوە دەچوون لە پێش 2003/3/19 کەواتە ماددەی 138 بە هەمان جۆری یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە، ناوچە کوردستانییەکانی مەخمور و خانەقین و شەنگال کە ئاسەوارەکانی تەعریبیان لەسەر نەماوە و بە هیچ جۆرێکیش گومان لە کوردستانی بوونیان نییە، نەیخستۆتە ناو سنوری هەرێمی کوردستانەوە. دەبوایە نوێنەرانی کوردی بە هیچ جۆرێك لێرەدا سازش نەکەن.

سەرەڕای ئەم تێبینیانەی سەرەوە بە گرنگی دەزانین کە لە ڕێگەی ئەم بەراوردەی خوارەوە هەندێ ڕاستی بخەینە روو سەبارەت بەوەی چەندە داخوازییەکانی گروپی کوردی و لیژنە پاڵپشتەکەیان پەسەند کراوە و لە رەشنوسی دەستورەکەدا جێگیر بووە:

## نا...بۆ ڕەشنوسی دەستور

**یەکەم:**

پێشنیاری یەکەمی لیژنەی پاڵپشتی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە نێو لیژنەی نوسینەوەی دەستوری ئێراقیدا بەم شێوەیەیە.:

ناوی ئێراق،(کۆماری ئێراقی یەکگرتوو یاخود فیدراڵی) بێت، ئەم یەکەش پێش گەلاڵەکردنی ڕەشنوسی دەستور لە لایەنی سەرکردایەتی کورد و ڕاگەیاندنە کوردییەکانەوە زۆر باسی لێوەدەکرا پێ لەسەر ئەوە دادەگیرا کە پێویستە ئەم ناوە جێگیر ببێت. بۆ پاڵپشتی ئەمەش زۆرجار باس کراوە کە ناوی(کۆماری ئێراق) بە واتای کۆمارێکی ناوەندی دێت نەك کۆمارێکی فیدراڵ، هەر بۆیە ئەگەر سیستەم فیدراڵبێت پێویستە ناویشی ڕەنگدانەوەی سیستەم بێت. بەلام ئەوەی لە ڕەشنوسەکەدا بووە بە بڕیار ئەمەیە : ناوی ئێراق، کۆماری ئێراقە و ئەمەش لە ماددەی یەکەمی دەستورەکەدا هاتووە. ئێمە وەك (پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان) لەگەڵ ئەو پێشنیارەدا بوین( کەگروپی کوردی پێشکەشیان کردبوو) و پەسەند نەکردنی پێشنیارەکەی نوێنەرانی کورد و هێشتنەوەی ناوی ئێراق وەکو ڕابوردوو ئەو گومانەمان لا درووست دەکات کە سیستەمی دەسەلات و بەڕێوەبردن فیدراڵی نییە یاخود نابێت و ئەوەی کە نووسراوە لە ماددەی یەکەمدا: سیستەمی دەسەلات کۆماری پەرلەمانی دیموکراتی ئیتیحادییە، تەنها بۆ ڕازیکردنی دڵی کورد و دیموکراتخوازەکان و بۆ ماوەیەك ووتراوە و لە ئەنجامدا ئێراق هەر ئێراقی جارانە.

**دووەم:**

پێشنیاری سێیەمی لیژنەکە سەبارەت بە سیستەمی حوکمڕانیەو بەمشێوەیە: سیستەمی حوکمڕانی لە ئێراقدا، کۆماری یەکگرتوو(فیدڕاڵی) دیموکراتی،فرەیی، دابەشکردنی دەسەڵات و سامان تیایدا لە نێوان حوکمەتی یەکگرتوو حوکمەتەکانی هەرێم و پارێزگاکان و شارەوانی کارگێڕییە نێوخۆیەکان دەبێت، سیستەمی یەکگرتووش، لەسەر بنیچینەی ڕاستیە مێژووی جوگرافیەکان دەبێت ،نەك لەسەر بنچینەی ئیتنیی یا مەزهەبی. ئەم پێشنیارە بۆ دیاریکردنی شێوازی سیستەمی حوکمڕانی پێشنیارێکی گونجاوە، بەلاّم لە دەستوری پێشنیار کراودا ئاماژەی پێنەدراوە تەنها لە ماددەی یەکەمی دەستوورەکەدا هاتووە کە سیستەمی حووکمرانی لە ئێراقدا کۆماری پەرلەمانی دیمووکراتی ئیتیحادی دەبێت. بێگوومان ئەمەش ناتوانێت شێوازی حوکومڕانی ئێراق ڕوون بکاتەوە و شەفافێتی پێوەدیار نیە واتە هەم پێشنیاری گرووپی کوردی پەسەند نەکراوە کە پێشنیارێکی گونجاوە هەم ناڕوونیەك هەیە لە سیستەمی حوکمڕانی دا بەپێی پڕۆژەکە.

**سێیەم:**

پێشنیاری چوارەمی لیژنەی کووردی سەبارەت بەهێزە چەکدارەکان بەم شێوەیە:

## نا...بۆ ڕەشنوسی دەستور

1- هێزە چەكدارەكان لە ژێر فەرمانی مەددەنی حكومەتی ئێراقدا دەبن.

2- بوودجەی هێزە چەكدارەكان بەڕێژەیەك دیاری دەكرێت كە لە 4٪ بوودجەی ئێراق تێنە پەڕێت.

3- ماوەی چەكداریكردنی هێزە چەكدارەكان لەڕووی چەندێتی و چۆنایەتیەوە بە یاسا دیاری دەكرێت.

4- نابێت جووڵە بە هێزە چەكدارەكان بكرێت بۆ دەرەوەی ئێراق، یاخوود هەرێمەكان تا 4/3 ی ئەندامانی پەرلەمانی یەكگرتوو ڕەزامەند نەبن لەسەری.

5- دڵسۆزی بۆ ئێراق،پێوەری سەرەكی دەبێت بۆ قبووڵكردنی پەیوەندی بەهێزە چەككدارەكانەوە بەبێ جیاوازی كردنی بەوەی ڕەگەز،ئاین یا مەزهەبەوە.

ئەم پێشنیارەی لیژنەكە بەگوێرەی پێوانە دیموكراتیەكان پێشنیارێكی گوونجاوە، بەلاَم هەردوو خاڵی دووەم و چوارەم جێگایان نەگرتووە لە دەستووردا كە دوو خاڵی گرنگ و پێویستن بۆ وولاَتێكی وەك ئێراق، چونكە لە خاڵی دووەمدا سنوور بۆ بوودجەی هێزی سەربازی دادەنرێت و ڕێگە لەوە دەگیرێت كە گۆمەڵگای ئێراق جارێكی تر ببێتە كۆمەڵگایەكی سەربازی و سامانی گەل بۆ مەرامە سەربازییەكان بەكاربهێنرێت، لە خاڵی چووارەمیشدا گرووپی كوردی خواستوییانە

## نا...بۆ ڕەشنوسی دەستور

ڕێگا لەوە بگرن که لایەنێك یاخوود پێکهاتەیەك له پێکهاتەکانی ئێراق بتوانێت بڕیار لەسەر جووڵاندنی سوپا بدات ، ئەمەش بۆ ئێراق بەگشتی و بۆ کوورد به تایبەتی دەستکەوتێك دەبوو، بەڵام بەگوێرەی ئەوەی له پرۆژەکەدا هاتووە،سنوورێك بۆ مەزن کردنی سووپا نییه و پەرلەمان دەتوانێت بەزۆرینەیەکی کەم سووپا بجووڵێنێت ئەمەش هەم بۆ دراووسێکانمان مەترسی درووست دەکات هەم بۆ هەرێمی کووردستان . ئەمه جگه لەوەی پێویست بوو مادەیەکی دیاریکراو هەبێت بۆئەوەی به ژماره سنووری مەزن بوونی سوپای دیاریبکردایەو ئەم ژمارەیەش ژمارەیەکی کەم بێت، بۆ نموونه (100)هەزار، که ئەمەش ڕێگه لەوه دەگرێت لاوانی ئێراق هەموویان له سووپادا کۆبکرێنەوە. لەگەڵئەمانەدا ئێمه پێمان باشه وەکو زۆر ووڵاتی دیمووکرات سەربازی به زۆر نەبێت ، بەڵام ئەم پرۆژه پێشنیار کراوه ناتوانێت گرەنتی ئەم بابەتانه بکات ، که له ڕابووردوودا له ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریشەوه گەلێك نەهامەتیان لێکەوتۆتەوە .

### چوارەم:

پێشنیاری پێنجەمی لیژنەکه سەبارەت به هێزەکانی بەرگری هەرێمەکانەو بەم شێوەیه ئەم هەرێمانەی که سنووریان به سنووری دەوڵەتێکی بێگانەوەیه هێزی بەرگری ناوخۆی دەبێت. که ئەرکی پاراستنی سنووری نێودەوڵەتی کۆماری ئێراقی فیدڕاڵی دژایەتی کردنی

تیرۆرە لە نێو هەرێمەکەدا و پاڵپشتی کردنی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵیە لە کاتی پێویست دا، قەبارە و بنکەی ڕێکخستن و چەکدار کردن و پەیوەندیان بە وەزارەتی بەرگری فیدڕاڵیەوە بە یاسایەك دیاری دەکرێت ،کە لە پەرلەمانی هەرێمەوە دەردەچێت ،ئەم خاڵە بێگوومان گرووپی کووردی لە پێناو هێشتنەوەی هێزی پێشمەرگەدا پێشنیاریان کردووە زۆرجاریش باس لەوە دەکرا کە هێزی پێشمەرگە یەکێکە لە هێڵە سوورەکان بۆ گەلی کوورد .کەچی ئەم خاڵە پەسەند نەکراوە و لە جێگەی ئەمەدا لە پرۆژەکەدا ، لە ماددەی (118) خاڵی پێنجەمدا دەڵێت: حکوومەتە هەرێمەکان تایبەت بە پێداویستیەکانی هەرێمەکەو بە شێوەیەکی تایبەت دەتوانێت هێزی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم درووست بکەن وەکو پۆلیس، ئاسایش و پاسەوانی هەرێم . بێگوومان لە ڕووانگەی یاسایی و سەربازییەوە هێزی ئاسایشی ناوخۆ کە پاسەوانی هەرێمیش وەکو بشێکی ئەو هێزی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمە دیاریکراوە ناکەونە ناوچوارچێوەی هێزی سەربازییەوە و ناتوانن ببنە خاوەنی چەکی قوورس ، بێگوومان ئەمەش ناتوانێت جێگەی هێزی پێشمەرگە بگرێتەوە ، کەچی سەرکردایەتی کورد زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم مەسەلەیان وەرگرتوە و بوونی پاسەوانی هەرێم کە مافی هەمو هەرێمەکانەو هیچ ئیمتیازێك نیە بۆ کوردستان بەدەستکەوت لە قەڵەم دەدرێت .

**پێنجەم**:

پێشنیاری شەشەمی لیژنەکە بەم شێوەیە: ئیسلام ئاینی فەرمی دەوڵەتە بەسەرچاوەیەکی یاسادانان دادەنرێت و ئەم دەستورە ڕێز لە شوناسی ئیسلامی زۆرینەوەی گەلانی ئێراق دەگرێت و تەواوی مافە ئایینیەکان بۆ مەسیحی و ئێزیدی مەندائی و کاکەیی دەستەبەر دەکات لە ئازادی بڕوا بون و پیادەکردنی کەشی ئاییی ، ئەم خاڵە لە ماددەی دووەمدە جێگیرکراوە ، بەڵام گوتراوە کە ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسا دانانە ، واتە لەم خاڵەدا ووشەی "سەرەکی" بۆ پێشنیارەکەی گروپی کوردی زیاد کراوە کە ئەمەش واتای بڕگەکەو بەکارهێنانە یاساییەکانی لە ڕیشەوە دەگۆڕێت، لە پێشنیاری گروپی کوردستاندا ئایینی ئیسلام وەك سەرچاوەیەکی دەستووری دەبینرێت ، واتە سەرچاوەی تر هەن و بەهەمان ئاست و بگرە زیاتریش سوودی لێوەربگیرێت بۆ داڕشتنی یاسا، بەڵام لە پرۆژەکەدا بووە بە سەرچاوەی سەرەکی ، واتە ئایینی ئیسلام سەرچاوەی هەموو یاسایەکەو سەرچاوەی تر ئەگەر هەبن لاوەکین ، بێگومان ئەمە لەڕووی یاساییەوە ڕێگە دەدات کە سەرجەم یاساکان لە ئێراقدا بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام بنوسرێن و سەرچاوەی تر زۆر گرنگی پێ نەدرێت . ئێمە لە کاتێك دا ئاماژە بەوە دەکەین کە پێشنیارەکەی گرووپی کوردی وەکو خۆی پەسەند نەکراوە ، پێمان باشە ئەوەش بڵێن کە ماددەی دووەمی پرۆژەی دەستور کە سەبارەت بە

ئاینە پێچەوانەی پرنسیبەکانی دیموکراتیە، چونکە یەکێ لە بنەماکانی دیموکراتی جیاکردنەوەی ئایینە لە داموو دەزگاکانی دەوڵەت، واتە دەوڵەت پێویستە ئایینی نەبێت ، چونکە ئاین مەسەلەیەکی تاکە کەسیە و دام و دەزگاکان پەیوەندیدار ناکات، هەروەها ئەزموونی ڕابردوو ئەوەی سەلماندووە کە تێکەڵکردنی ئایین و دەوڵەت زیانی زۆری بۆ ئایین و کۆمەڵگا هەیە ئەوەی لێی سوودمەند دەبێت تەنها دەسەلاٌتە ، بێگومان ئەو هەڵوێستانەی دەسەلاٌت کە زیانی بۆ کۆمەڵگا هەیە دەبەسترێتەوە بە ئایینەوە ئەو کاتە ئایین لەبەرچاوی کۆمەڵگا ناشرین دەبێت ، لە هەمان کاتدا دەسەلاٌت دەتوانێت ئایین بکاتە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی و لەم کاتەشدا کۆمەڵگا زیانی بەردەکەوێت و لە ئەنجامدا تەنها دەسەلاٌت قازانج دەکات ،هەر بۆیە پێویست بوو کە دەوڵەتی ئێراق ئایینی فەرمی نەبوایە ، بە دڵنیاییەوە ئەمە بەو واتایە نایەت کە لە ئێراقدا ئایین نەبێت ، بەڵکو هەبێت بەلاٌم چوارچێوەیەکی یاسایی بدرێتێ و کاروباری ئایینی و دام و دەزگاکانی دەوڵەت تێکەڵ بەیەکتری نەکرێن ، چونکە ئەمە ئاڵۆزی و لێڵا درووست دەکات ،بۆ نمونە لەماددەی (2) دەستووری پێشنیارکراودا هاتووە :

1- نابێت هیچ یاسایەك دابڕێژرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ بنەما جێگیرەکانی ئیسلامدا ، بێگومان هەموو دەزانین

لە ئیسلامدا دوو مەزهەبی سەرەکی ( شیعە و سوننە) هەن و هەر یەکەشیان چەند ڕێرەوو(ئیمامیان)هەیە و هەریەکەیان تەفسیری جیاوازی بۆ قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)هەیە، باشە لەم کاتەدا کامەیان بە بنەما وەردەگیرێت ، ئەمە بۆ خۆی کێشە درووست دەکات ، چونکە کام مەزهەب بە بنەما وەربگیردرێت مەزهەب و پێڕەوانی تر قبولی ناکەن ، ئەوکاتە ناکۆکی مەزهەبی قولتر دەبێتەوە ، نمونەی ئەوەمان لە ئێران هەیە ، لە خالی (ب)ی هەمان مادده دەگوترێت "پێویستە هیچ یاسایەك دانەڕێژرێت کە ناکۆك بێت لەگەل بنەما جێگیرەکانی دیموکراتیدا" ئەمە بۆ خۆی باشە بەلام لەگەل خالی (1)دا ناکۆك دەبێت،چونکە ناتوانین بە شێوەیەکی هەمیشەیی یاسا دابرێژرێت کە لەگەل ئەو دوو خالەدا ناکۆك نەبێت ، بۆ نمونە لە شەریعەتی ئیسلامدا پیاو بۆی هەیە هەتاوەکو چوار ژنی هەبێت لە یەك کاتدا ، یان دوو ژن بە شاهیدێك دەژمێدرێت ، بەلام بنەماکانی دیموکراتی ئەمانە پەسەند ناکات، لەم خالەدا چۆن هاوسەنگی و تەبایی دروست دەکرێت ، بێگومان لەبەر ئەوەی ئایینی ئیسلام ئایینی فەرمی دەولەتە و سەرچاوەی سەرەکی یاسا دانانە ، ئەوا پێویستە هاوسەنگی بە لای ئاییندا بشکێتەوە ، ئەوکاتە بنەماکانی یەکسانی و دیموکراتی پێشێل دەکرێت، لەبەر ئەمە پێویست بوو کە بە هیچ شێوەیەك ئەم ماددەیە بەم شێوەیە پەسەند نەکرێت، چونکە ئەم

ماددەیە، واتە ماددەی (2) ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی کە هێزە شیعە مەزهەبییەکان مۆرکی خۆیان بدەن لە سەرجەم یاسا و بنەماکانی ژیان لە ئێراقدا.

**شەشەم:**

پێشنیاری حەوتەمی لیژنەکە لەسەر پێکهاتەکانی دەوڵەتی ئێراق بەم شێوەیە:(دەوڵەتی ئێراق لەیەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە پێکدێت لە دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد، ئەم دەستورە لەسەر پرەنسیبی یەکسانی دان بە مافەکانی دەنێت، گەلی عەرەب لە ئێراقدا بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب وگەلی کوردیش لەئێراقدا بەشێکە لە نەتەوەی کورد، ئەم دەستورە دان بە مافی ڕەوای تورکمان و کلدو ئاشوری و ئەرمەنەکاندا دەنێت) . ئەمە پێشنیارێکی شیاو و گروپی کوردی ، وەکو تێبینی ئەوەشیان گوتووە ئەگەر دان بەوەدا نەنرێت گەلی کوردیش بەشێکە لە نەتەوەی کورد ئەوا پێویستە نەگووترێت گەلی عەرەب بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب و ئەمەش یەکێکە لە پرەنسیبەکانی یەکسانی. ئەوەی لە پرۆژەی دەستورەکادا هاتووە بەم شێوەیە: ماددەی (3) ی : ئێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و ئایینە و مەزهەبە، بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی، گەلی عەرەبی ئێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، لە دووای ڕاگەیاندنی پرۆژەکەش بەهۆی نارەزایی( عەمروموسا)ی سکرتێری گشتی جامیعەی عەرەبی ئەم ماددەیە گۆڕدراوە و بووە بە : " ئێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و ئایینە و مەزهەبە و ئەندامێکی دامەزرێنەری

جامیعەی عەرەبییە و پابەندە بە میساقەکەیەوە" بێگومان ئەم دوو دارشتنە هەر کامیان بێت نە پرۆژەکەی گرووپی کوردی لەبەر چاو گیراوە، نە پرەنسیبی یەکسانی پارێزراوە و بە ئاشکراش باس لە پێکهاتەی ئێراق ناکات، لە دەستوری ساڵی 1958دا بە ئاشکرا باس لەوە دەکرێت کە گەلی عەرەب و کورد دوو گەلی سەرەکی پێکهاتەی ئێراقن و هاوبەش و یەکسانن لە ماف و ئەرکدا ، کەچی لەم دەستورەدا بە ڕاشکاوی باس لە پێکهاتەی ئێراق ناکرێت، ئەمە جگە لەو دوو فۆرمیلەیە هەردووکیان مۆرکی ئەوەیان پێوەیە کە ئێراق ئێراقێکی عەرەبییە نەك فرە نەتەوە، ئەگەر وەها نەبێت پێویست چییە کە گەلی عەرەب جیادەکرێتەوە و دەگوترێت بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، ئەگەر نەگوترێت ئایا گەلی عەرەبی ئێراق نابێتە بەشێك لە نەتەوەی عەرەب، ئەگەر پێویستە ئەوە بگوترێت ئەی بۆچی باسی کورد و نەتەوەکانی تر ناکرێت؟ باشە ئەو نەتەوانەی تر بەشێك نین لە نەتەوەی تر؟ بێگومان ئەوە هەوڵێکە بۆ نەناسینی ناسنامەی گەلانی تر یاخود پەراوێزکردنیان، خۆ ئەگەر فۆرمیلە ( دارشتنی ) دووەمی ماددەکە بێت ئەوا دەقاودەق ئێراق بووە بە وڵاتێکی عەرەبی چونکە (جامیعەی عەرەبی)بۆ خۆی (جامیعەی دەوڵەتانی عەرەب)ە واتە ئەو دەوڵەتانەی کە لەم (جامیعە)دا جێگەی خۆیان بگرن ئەوا دەوڵەتی عەرەبین، ئەمەش بۆ خۆی بە شێوەیەکی تر ئەو ماددەیە کە لە دەستوری سەردەمی بەعسدا هەبوو دەیگووت"ئێراق بەشێکە لە نیشتانی عەرەب و گەلی ئێراق بەشێکە

لە نەتەوەی عەرەب " لە بەر ئەوە ئەم خاڵە بۆ خۆی بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ پەسەند نەکردنی ناسنامەی نەتەوەکانی تری ئێراقە و پەسەند کردنی ئەم ماددەیە بۆ گەلی کورد زیانێکی زۆر گەورەی بە دواوەیە .

**حەوتەم**:

پێشنیاری هەشتەمی لیژنەکە تایبەتە بە تایبەتمەندییەکانی حکومەتی ئێراقی فیدراڵی و بەمشێوەیە:(هەرێمی کوردستان بە بەشێك بۆ چاودێری کاروبارەکانی نوێنەرایەتی خۆی دەکات لە وەزارەتی دەرەوە و سەفارەتەکان) ، ئەم پێشنیارە لە پرۆژە دەستورییەکەدا لە خاڵی چوارەمی ماددەی(118)دا هاتووە و ئەمە دەقەکەیەتی"نوسینگە بۆ هەرێم و پارێزگاکان لە سەفارەتەکان و شاندە دیبلۆماسییەکاندا دروست دەکرێت بۆ بە دوواداچونی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و بوژانەوە، ئاشکرایە تا ڕادەیەك پێشنیاری گروپی کوردی لێرەدا لەبەر چاو گیراوە ، بەلام ئەم نوسینگانە بۆ کاروباری سیاسی و بوارەکانی تر نین ، بەڵکو تەنها بۆ سێ بواری تایبەت کراون : ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەسەند ناکرێت نوسینگەی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری سیاسی هەبێت ، گومانی تێدا نییە کە ئەمە داخوازی گروپی کوردی و گەلی کوردستانیشە و کورد دەخوازێت نوسینگەی هەبێت تا پێش هەر شتێك گوزارە لە ناسنامەی سیاسی خۆی بکات ، نمونەی ئەمەش ئەمرۆ هەیە لە کۆماری سربیا و مۆنتینیگرۆ کە مۆنتینیگرۆ نوێنەری خۆی بۆ سەرجەم بوارەکان لە

سەفارەت و شاندەکانیدا هەیە ، ئیتر نازانین چۆن بڕیار لەسەر بڕگەیەکی بەم شێوەیە دەدەن.

**هەشتەم**:

پێشنیاری دەیەمی لیژنەکە سەبارەت بە سامانی سروشتی و داهاتە و ئەمەش دەقەکەیەتی :

1- خاوەنداریێتی سامانی سروشتی بۆ هەرێم دەبێت.

2- خاوەنداریێتی سامانی نەوت و کانزا بۆ هەرێم دەبێت حکومەتی هەرێم کە سەرپەرشتی دەرهێنان و کارگێری دابەشکردنی پوختەی داهاتە وەدەست هاتووەکەی لەو وەبەرهێنانە دەکات بەمشێوەیەی خوارەوە :

أ- ڕێژەی 5٪ بۆ ئەو پارێزگایە دەبێت کە نەوت و کانزاکە بەرهەم دەهێنێت وە بە پێی ئەو بڕەی بەرهەم هێنراوە لەو پارێزگایە .

ب- ڕێژەی 60٪ لە پوختەی داهاتی نەوت و کانزا دەرهاتووەکان لە هەرێمەکەدا بۆ حکومەتی هەرێمەکە دادەنرێت.

ج- ڕێژەی 35٪ کە ماوەتەوە لە پوختەی داهاتی نەوت و داهاتی کانزا دەرهاتووەکان لە هەرێمدا بۆ حکومەتی یەکگرتوو و هەرێم و پارێزگاکانی تر دادەنرێت کە لەم سامانەدا هەژارن. لیژنەکە بۆ نمونە چۆنێتی دابەش کردنی سامانی لە سود دان هێناوەتەوە لە جێگەی ئەم پێشنیارە لە دەستورەکەدا هاتووە نەوت و گاز بە پێی ماددەی (109) مولکی هەموو گەلی ئێراقن لە سەرجەم هەرێمەکەدا، واتا مەڵکی هەرێم نین وەکولە

پرۆژەی کوردیدا هاتووە. هەروەها لە ماددەی(110) دا هەر دوو بڕگەی یەکەم و دووەم ئاماژە بەوە دەکەن کە دەسەڵاتی فیدراڵی سەرپەرشتی سامانی سروشتی دەکات و بە شێوەیەك بەرهەمەکەی دابەشدەکات کە بتوانێت بوژانەوەی هاوسەنگ درووست بکات ، بێگومان ئەوەی دیارە پێشنیاری گروپی کوردی کە بۆ هەرێمەکان سوودمەندە و پەسەند نەکراوە و لەم بوارەدا دەسەڵاتی فیدراڵی زەق کراوەتەوە و کارێکی واش کراوە کە شیمانە دەکرێت ڕێژەیەکی زۆر کەم بدرێت بە کوردستان هەروەك چۆن پار ساڵ بە زۆر بودجەی هەرێم کرایە 17٪ ڕێژەی میزانییەی ئێراق ، چونکە ئەوەی دیارە ئەمرۆ ناوەڕاست و باشوری ئێراق زیاتر لە دواوەن و پێویستیان بە بوژانەوە هەیە ئەوکاتە کوردستان پێویستە چاوەڕێ بێت تا ئەو هەرێمانە ببوژێنەوە ئینجا ڕێژەیەکی وەکو ئەوانی بەربکەوێت ، بێگومان ئەمەش لە لایەك کۆبونەوەی دەسەڵاتە لە ناوەنددا و لە لایەکی تر بێبەشکردنی جەماوەری هەرێمی کوردستانە لە سامانی خۆی و دوبارە بونەوەی مێژووە.

## نۆیەم:

پێشنیاری یانزەهەمی لیژنەکە ئەوەیە ڕێکخستنی سیاسەتی پەیوەندی کردن بکرێتە کاروباری حکومەتی هەرێم، بەڵام لە پرۆژەی دەستورەکەدا پەسەند نەکراوە.

**دەیەم**:

پێشنیاری سیانزەیەمی لیژنەکە دەڵێت" دەستەیەکی باڵا پێکدەهێنرێت بۆ دەستەبەرکردنی مافی هەرێمەکان لە بەشداریکردنێکی یەکسانانە لە بەڕێوبردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتی یەکگرتوو و وەزارەتە جیاوازەکان و نێردراو و زەمالەی خوێندن و بەشداری وەفدەکان و کۆنگرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان بە ژمارەیەکی یەکسانی لە نوێنەرانی حکومەتی هەرێمەکان و سەرۆکایەتی دەستەکەش بە نۆرە دەبێت، ئەم پێشنیارە کە پێشنیارێکی گونجاوە و لەسەر بنەمای یەکسانی پێشکەش کراوە پەسەند نەکراوە.

**یازدەهەم**:

پێشنیاری پازدەهەمی لیژنەکە سەبارەت بە مافی چارەی خۆنوسینە و ئەمە دەقەکەیەتی" بۆ گەلی کوردستانی ئێراق مافی چارەی خۆنوسینی هەیە لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە بۆ دیاریکردنی پێگەی دەستوری خۆی لە داهاتوودا دوای هەشت ساڵ لە کارپێکردنی ئەم دەستورە ، یان لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

1- گۆڕانی سیستەمی دیموکراتی فیدڕاڵی.

2- دووچاری دەستدرێژی و چەوساندنەوە.

3- دابڕینی هەر ناوچەیەك کە بە ڕاستییە مێژووی و جوگرافییەکان بناسرێت کە بەشێکە لە کوردستان.

4- ڕێگری له لکاندنی ئەو ناوچانەی كه دابڕاون و گۆرینی دیموگرافیاكەی دووچار بوونی هەر ناوچەیەكی تر به گۆڕین.

ئەم ماددەیە له ڕەشنوسی دەستوروكەدا جێگیر نەكراوە، ئەمە له كاتێكدایە كه مافی چارەی خۆنوسین بۆ هەر نەتەوەیەك به پێی بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و بەرنامەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان مافێكی ڕەوایە و یەكێكە له پێوانەكانی سیستەمی دیموكراتی. نەدەبوایە نوێنەرانی كورد و دیموكراتخوازانی ئێراق ئەم مافە سەرەتاییەی گەلی كوردیان له ڕەشنوسی دەستورەكەدا فەرامۆش بكردایە.

## دوانزەهەم:

پێشنیاری هەژدەهەمی لیژنەكە سەبارەت به دەسەڵاتی دادوەرییە و ئەمە دەقەكەیەتی: دادگای باڵای یەكگرتوو له یانزدە ئەندام پێكدێت و چواریان له لایەن ئەنجومەنی هەرێمی كوردستانەوە هەڵدەبژێرێت و به ڕازیبونی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی ئێراق و بڕیارەكانی به زۆرینەی 8 به 3 ی ئەندامەكانی دەدات ، ئەم خاڵە له دەستوردا له بڕگەی دووەمی ماددەی(90)دا هاتووە و دەڵێت "دادگای باڵای ئیتیحادی له چەند (قازی) و پیاوانی ئایینی پێكدێت و ژمارەو چۆنێتی هەڵبژاردنیان به یاسایەك دیاری دەكرێت كه له ئەنجومەنی نوێنەران به زۆرینەی 3/2 دەربكرێت، پرۆژە و

## **نا...بۆ ڕەشنوسی دەستور**

پێشنیارەکەی گروپی کوردی چۆنێتی هەڵبژاردن و کارکردنیان تا ڕادەیەك گەرەنتی مافی گەلی کوردستان و بنەماکانی دیموکراتی دەکات، بەڵام ئەوەی

لە دەستورەکەدا هاتووە ڕوون نییە ، چونکە عەرەب لە پەرلەماندا 3/2 زیاترن و دەتوانن یاسایەکی وەها دەربکەن کە بتوانێت مۆرکی عەرەبی و ئیسلامیش بدات لەم دەزگایە، بێگومان لەم حاڵەتەدا ئەم دادگایە جێگەی "شورای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیزام"لە ئێران دەگرێتەوە و کە بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادەن یاسایەك دەربچێت پیاوانی ئایین بە دڵیان نەبێت ، ئەمەش بۆ خۆی کێشەیەکی گەورەی یاسایی و سیاسی دروست دەکات. وەکو ئەنجام ئەوەی دیارە لەم پرۆژە دەستورییەدا ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان وەکو تاك جێگیر کراوە تاك دەتوانێت بیروڕای خۆی بە ئازادی دەربڕێت، بەشداری لە دروست کردنی پارت و ڕێکخراودا بکات و چالاکی دیموکراتی ئەنجام بدات ، بەڵام زاڵبونی لایەنی ئایینی بەسەر ئەم دەستورەدا ڕێگەخۆشدەکات بۆ ئەوەی ماف و ئازادییەکانی تاك لە چوارچێوەی بۆچونێکی ئاییندا لە قاڵب بدرێت، گومانی تێدا نییە کە ئەمەش بە دیوێکی تردا سنوردارکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکە ئەمە جگە لەوەی ئەم لایەنەی دەستورەکە ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی ئایینەوە ماف و ئازادییەکانی ژن دیاری بکرێت و ئەمەش بۆ خۆی پێچەوانەی بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراتی و یەکسانییە لە هەمان کاتدا

زەمینە خۆشدەکات بۆ زەقبونەوەی ناکۆکی ئایینی و مەزهەبی و ڕێگەی ئەوەش دەدات هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لە پەرلەمان دەردەچێت بەژێر کۆنترۆڵی پیاوانی ئایینیدا تێپەڕ ببن، ئەمەش لایەنێکی گرنگی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و سیستەمە و دووری ئەو بانگەشانەیە کە هێزە دیموکراتخوازەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. هەرچی پابەندی پێکهاتەی ئێراق و سیستەمی حکومڕانییەکەیەتی بە ڕوونی دان بە ناسنامەی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی پێکهێنەری ئێراقدا نەنراوە و پرەنسیبی فیدراڵی و دیموکراتی کە دابەشکردنی سامان ودەسەڵاتە لە نێوان هەرێم و دەسەڵاتی فیدراڵدا پەیرەو نەکراوە و دەسەڵاتی فیدراڵ وەکو دەسەڵاتێکی ناوەندی خاوەنی زۆرینەی دەسەڵاتەکانە و سامانی ئێراق لەژێر کۆنترۆڵی ئەودایە و هەرێمەکان تەنها لە هەندێ بواری لاوەکیدا خاوەن دەسەڵاتن ، بە واتایەکی تر هەرێمی کوردستان و گەلی کورد ناتوانن ببنە خاوەنی ناسنامەیەکی سیاسی ، لەگەڵ ئەمانەدا دەسەڵاتی یاسادانان لەم سیستەمەدا بە گوێرەی سیستەمە فیدراڵ و دیموکراتەکان نین ، ئەوەی خاوەن دەسەڵاتە ئەنجومەنی نوێنەرانە کە لە سیستەمە فیدراڵەکاندا نوێنەرایەتی یەکێتی گەل و هەرێمەکان دەکات ، هەرچی ئەنجومەنی هەرێمەکانە کە نوێنەرایەتی سەربەخۆیی و تایبەتێتی هەرێمەکان دەکات نە پێکهاتە، نە دەسەڵات نە میکانیزمەی کاری دیاری نەکراوە و ئەوەی دەردەکەوێت ئەنجومەنێکی بێ کاریگەر دەبێت ، ئەمەش بۆ خۆی پێشێلکردنی

بنەمایەکی فیدراڵییە، ئەوەش گرێدراوی دەسەڵاتی دادوەرییە، دەتوانین بڵێین ئەو میکانیزمەی لە دەستوردا دیاری کراوە بۆ دروستکردنی دادگای باڵای فیدراڵی و ئەو دەسەڵاتانەی پێیدراوە ئەوە دیاری دەکات کە مافی هەرێمەکان لە دروستکردنیدا پێشێل کراوە زیاتر لەوەی دەسەڵاتی یاسایی بێت دەسەڵاتێکی ئایینی دەبێت.

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان سەرەڕای ئەم تێبینیانە و پەسەند نەکردنی دوانزە پێشنیاری لیژنەی پاڵپشتی هاوپەیمانی کوردستان بۆ لیژنەی نوسینەوەی دەستور لە کۆی (18) پێشنیار ئەوانەشی پەسەند کراون وەکو خۆیان پەسەند نەکراون ، ئەمە وێڕای ئەوەی کە داخوازی گەلەکەمان لەوە زیاترە، کەچی ئەمرۆ دەبینین سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی و هاوپەیمانەکانیان زۆر بە ئاسایی دەڵێن 100٪ ، یاخود 80٪ ی داخوازییەکانمان پەسەند کراوە و داوا لە جەماوەر دەکەن دەنگ بۆ دەستور بە بەڵێ بدەن ، ئێمە لێرەدا پرسیار دەکەین لە کوێیە ئەو هێڵە سوورانەی کە سەرکردایەتی کوردی لە پێش دانیشتنەکانی دەستور دەیانکێشا، یەکلاییکردنەوەی سنوری کوردستان، کەرکوك ناسنامەی نەتەوەی گەلی کورد، پێشمەرگە، عەلمانێتی دەوڵەت و دابەشکردنی داهات، ئایا ئەم هێڵە سورانە کاڵبونەوە لە دانیشتنەکانی نوسینەوەی دەستوردا ؟

بە ڕای ئێمە سەرکردایەتی کورد و نوێنەرانی کورد پێویستە بۆ سەنگین

بونی خۆیان بانگەوازی بکەن کە ئەم دەستورە لە لایەن گەلی کوردستانەوە قبولّ نەکرێت ، چونکە لە 80٪ ی داخوازییەکانی ئەم نوێنەرانە بۆ خۆی پەسەند نەکراوە بێگومان پەسەندنەکردنی ئەم دەستورە لە لایەن گەلی کوردستان دەبێتە هۆکارێك کە لایەنەکانی تر لە نوسینەوەی دەستوردا ئەوەندە فشار نەخەنە سەر نوێنەرانی کورد ، بەڵکو قەرەبوو دەدەنە کورد هەتاکو دەستور قبولّ بکات ، لەم ڕوانگەیەوە کە بنەماو پرەنسیبەکانی فیدراڵی ، دیموکراتی و یەکسانی بەشێکیان پێشێل کراون و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد جێگیرنەکراون داخوازییەکانی نوێنەری کوردیش زۆربەی ڕەت کراوەتەوە لە دەستوردا، ئێمە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان دەنگ بۆ ئەم پرۆژەی دەستورە نادەین دەڵێین (نا) بۆ ئەم پرۆژەیە و داوا لە سەرجەم کادر و ئەندامانی پارتی و دۆست و لایەنگرا نمان بە تایبەتی و گەلی کوردستان و ئێراق بە گشتی دەکەین کە دەنگ بۆ ئەم پرۆژەیە بە (نا) بەکاربهێنن و لە هەمان کاتتدا بانگەوازی دەکەین بۆ هەموو دڵسۆزان و دیموکراتخوازەکان و نیشتمانپەروەرەکان خۆیان ڕێکبخەن و گەل هان بدەن بچنە سەر سندوقی دەنگدان بۆ ئەوەی بە (نا) پرۆژەکە ڕەت بکەینەوە ، دەبێت دڵنیاش بین نەچونە سەر سندوقی دەنگدان یاخود دەنگی سپی بەکارهێنان دەکەوێتە خزمەتی ئەم پرۆژەیەوە کە لە خزمەتی گەلی کوردستان و ئێراقیشدا نییە، لە کۆتایشدا دەمانەوێت ئەوە بە جەماوەری بەشەرەفی کوردستان و ئێراق بلێین کە ڕەنگە لایەنی

**نا...بۆ ڕەشنوسی دەستور**

تریش بە تایبەتی لە ناو عەرەبی سوننەدا هەبن لە ڕوانگەی بیری ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنێتییەوە ئەم دەستورە ڕەت بکەنەوە، بەڵام ئێمە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە کە دیاریمان کرد پرۆژەکە ڕەت دەکەینەوە و ئامانجمان ئەوەیە دەستورێك گەڵاڵە بکرێت کە بنەماکانی فیدراڵی، دیموکلراتی و مافە نەتەوەییەکانمانی تێدا بەرجەستە ببێت.

**ئەنجومەنی بەڕێوبەرایەتی**

**پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

**9/9/2005**